# نەخشە ڕێگا: دیالۆگی ئاو

## بۆ ڕوانینێکی بەردەوام بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە عێراقدا

تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر ٢٠٢١ – عێراق


ifa Institut für Auslandsbeziehungen
Federal Foreign Office
elbarlament cultures of democracy
منظمة البرلمان في العراق
CLEAN TIGRIS

# نەخشە ڕێگا: دیالۆگی ئاو

## بۆ ڕوانینێکی بەردەوام بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە عێراقدا

تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر ٢٠٢١ – عێراق


**بەڕێوەبەری پرۆژە: ئەلیشا مۆلتە**
ڕێکخراوی پارلەمان – ئەڵمانیا

**هەماهەنگکاری پرۆژە : رامي سرياني**
ڕێکخراوی پارلەمان – ئەڵمانیا

**ئامادەکردن وبەڕێوەبردنی دانیشتنەکان : د.سامح وسام ئەلیقدادي**
پسپۆڕ لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان / دامەزراوەی گرین چارتەر- ئەڵمانیا



پرۆژەی نەخشە ڕێگا: دیالۆگی ئاو– بۆ ڕوانینێکی بەردەوام بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە عێراقدا، لە لایەن ڕێکخراوی پەرلەمان و بە پشتیوانیي وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا و بە پاڵپشتيي دارایی ifa-Institut für Auslandsbeziehungen (پەیمانگای پەیوەندییەکانی دەرەوە) و پرۆگرامی (zivik) بۆ پاڵپشتی دارایی بەگەڕخراوە و ئاسانکاریی بۆ کراوە.

# ناوەڕۆك

پێشەكی ٢
ئامانج ٣
میتۆد ٤
ئەنجامەكان ٨
ناوچەبەندی باكوری عێراق (هەرێمی كوردستانی عێراق و هەردوو پارێزگای نەینەوا و كەركوك) ٩
وەسفكردنی ڕەوشی ئێستا
ئاڵنگارییە سەرەكییەكان
ڕاسپاردە پێشنیازكراوەكان
ناوچەبەندی ناوەڕاستی عێراق ٢٣
وصف الوضع الحالي
التحديات الرئيسية
التوصيات المقترحة
ناوچەبەندی باشوری عێراق ٣٣
وصف الوضع الحالي
التحديات الرئيسية
التوصيات المقترحة
پاشكۆكان ٤٥

# پێشەکی

دۆسییەی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە عێراق، گرنگییەکی ستراتیژیی بەرچاوی هەیە، بە تایبەت بەهۆی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ئەم دۆسییەیەوە بە ژمارەیەکی زۆر لە کەرتە پڕبایەخەکانەوە وکاریگەریی وبەشداریی گەورە وبنچینەیی لە پلانەکانی گەشەپێدانی داهاتوودا. گەشەی ناجێگیری دیمۆگرافیی لە عێراق وئەو لێکەوتانەی بەهۆی دیاردەی گۆڕانی ئاووهەواوە پەیدادەبن، هەروەها کەمیی هاتووە ئاوییەکان لە عێراق بە هۆی بالادەستیی ولاتانی چاووگەوە بەسەر سەرچاوەکانی ئاوەوە، ئەوە با باسی ناسەقامگیریی ئەمنیی وسیاسیی لەولاوە بوەستێت، کە ماوەی چەندین دەیەیە عێراق بەخۆیەوە دەیبینێت، ئەمانە هەموو پێکەوە هەرە دیارترین ئالنگاریی وڕێگرییەکانی ڕەوشی بەڕێوەبردنی دۆسییەی ئاون. کارکردن بۆ شیکردنەوە وچارەسەرکردنی ئەم ئالنگارییانە پلاتفۆرمێکی کارکردنی ڕێکخراو وستراتیژیی دەخوازێت کە هەموو خاوەن بەرژەوەندییەکان لەخۆبگرێت، بەکۆکردنەوەی هەموویان لەسەر مێزی گفتوگۆ ویەکخستنی کۆششەکانیان بۆ هێنانەکایەی ڕوانینێکی یەکگرتووی گشتگیر کە بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداریی بکات لە چەسپاندنی چەمکی بەڕێوەبردنی تەواوکاری سەرچاوەکانی ئاو لە عێراق بە شێوەیەکی دامەزراوەیی. لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، لە میانەی دەستپێشخەریی پرۆژەی (ئەمە ئاوی خۆمانە- هذا ماءنا )ی ڕێکخراوی پەرلەمان- selbarlament  ی ئەڵمانیی وبە پشتیوانیی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، ڕێکخراوی پەرلەمان بایەخی چڕکردەوە لەسەر کۆکردنەوەی ڕاستییەکان وچارەسەرکردنی ئالنگارییە سەرەکییەکان لە ناوچەگەلی جیاوازی عێراقدا، ئەوەش لە ڕێی ئەنجامدانی چەندین وۆرکشۆپی پەیوەندییدار بە چارەسەرکردنی ململانێکانی ئاو وگۆڕانی ئاووهەوا وگەلالەکردنی ئەو یاسایانەوە کە پێویستن. لەم ساڵیشدا، ٢٠٢١، چەند وۆرکشۆپێکی تایبەت بە دیالۆگ وگفتوگۆ کاراکران، ئەوەش لە ڕێی کۆکردنەوەی کەرتگەلی جیاوازەوە کە نوێنەرایەتیی کۆی خاوەن بەرژەوەندییەکان دەکەن لە دۆسییەی ئاودا کە سیاسییەکان وجێبەجێکاران وڕێکخراوە ناحکومییەکان وئەکادیمیستان وکەرتە تایبەتەکانی وەک دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان لەخۆگرت. ئەم وۆرکشۆپانە دەرفەتیاندا بە دیالۆگی ڕاستەوخۆ وگفتوگۆیەکی کراوە لە نێوان ئەم کەرتانەدا بۆ پاراستن وبەردەوامییدان بە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە عێراقدا. بە کۆی گشتیی، لە ٢٠٢١دا، چوار وۆرکشۆپ ئەنجامدران، سیانیان تایبەت بوون بە وەسفکردنێکی وردی ڕەوشی ئێستا لەگەڵ باسکردنی ئالنگارییە سەرەکییەکان وپێشنیازکردنی چارەسەرگەلی کرداریی لەسەر ئاستی ناوخۆیی لە ماوەی نێوان ٢٧ی ئایار/مایۆی ٢٠٢٠ تاکو ٢٠ ئایار/مایۆی ٢٠٢١. هەرچی وۆرکشۆپی چوارەمە کە لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا ڕێکخرا، هەموو بەشداربووانی وۆرکشۆپەکانی پێشووی لە پارێزگا جیاوازەکانەوە لەخۆگرتبوو، بۆ خستنەڕوو و پەسەندکردنی نەخشە ڕێگاکە بۆ هەموو عێراق.

# ئامانج

ئامانجی کۆتایی دیالۆگی ئاو خۆی لە پێشکەشکردنی نەخشە ڕێگایەکی گونجاو وگشتگیر وبەردەوامدا دەبینێتەوە، کە هەموو کەرتە بەشداربووەکان پەسەندی بکەن وپشتیوانیی لێ بکەن. پاشان ئەو دیالۆگە چوارچێوەیەک بۆ ئەو نەخشەیە دروست دەکات، وەک نەخشە ڕێگایەک کە هەموو هاوبەشە عێراقییەکان پەسەندی بکەن. دواتر ئەم نەخشە ڕێگایە پێشکەشی لایەنەکانی یاسادانانی وەک (پارلەمانی فیدراڵیی عێراق وپارلەمانی هەرێمی کوردستان ولیژنە پارلەمانییە پەیوەندیدارەکان) ولایەنەکانی جێبەجێکردن لە حکومەتی فیدراڵیی وحکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکرێت. ئەم ڕێککەوتنی نەخشەی کارە، پلانێک لەخۆدەگرێت کە یەکەم پلانی لەو جۆرەیە وسیستمی ئاڵۆزی نەخشەی خاوەن بەرژەوەندییەکان تایبەت بە دۆسیەی ئاو لە ناو عێراقدا ڕوون دەکاتەوە وئاڵنگارییەکانیش دەستنیشان دەکات وراسپاردە پراگماتیکییەکان لە بارەی چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئاڵنگارییە ناوخۆییانە پێشکەش دەکات لە پێناو گەیشتن بە چارەسەری کرداریی. هەروەها، یەکێک لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم کارە بریتیی دەبێت لە دامەزراندنی تۆڕێکی نیشتمانیی بۆ نوێنەرایەتییکردنی هەموو ئەو کەرتانەی پەیوەندییان بە دۆسیەی ئاوەوە هەیە بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامیی لە مەودای دووردا.

# میتۆد

لەپاڵ ئەو فرەییە بەرچاوەی لە هەڵبژاردنی خاوەن بەرژەوەندییەکاندا هەبوو، جیاوازیی جوگرافییش ڕەچاوکرا، بەوپێیەی هەندێك ئاڵنگاریی هەن کە مۆرکی هەندێك ناوچەی دیاریکراوی عێراقن، جیاواز لەوانەی لە ناوچەکانی تردا هەن. ئەوەبوو لە ڕووی جوگرافییەوە کارەکە دابەشکرا بۆ سێ ناوچەبەند: ١) ناوچەبەندی باکوری عێراق کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای کەرکوك و نەینەوادا بەرجەستە دەبێت. ٢) ناوچەبەندی ناوەڕاستی عیراق کە لە حکومەتی ناوەندیی وبەغدای پایتەخت وپارێزگای ئەنبار وفوراتی ناوەڕاست وکەربەلادا بەرجەستە دەبێت. ٣) ناوچەبەندی باشوری عێراق کە لە پارێزگای بەسرە وپارێزگای زیقاردا بەرجەستە دەبێت.

بڕیاردرا توێژینەوە بۆ شەش کەرتی سەرەکیی بکرێت کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وپڕبایەخ بەیەکدادەچن لەگەڵ دۆسییەی ئاو بۆ دەستەبەرکردنی بەدەستهێنانی ڕوانینێکی گشتگیر وتەواوکار. ئەو کەرتانەش بە بەرنامەی کاری بەڕێوەبردنی تەواوکاری سەرچاوە ئاوییەکان بەرجەستە دەبن کە ناوی ( EESGMT) لێنرا، ئەوەش ناوێکە هێمایە بۆ هەر شەش کەرتەکە : ئاو وژینگە (E)، ئاو وئابووریی (E)، ئاو وکلتوری کۆمەڵایەتیی (S)، ئاو وحوکمڕانیی (G)، ئاو وبەڕێوەبردن (M)، ئاو وتەکنۆلۆژیا (T). وا لای خوارەوە پوختەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی هەر یەکێك لەو کەرتانە پێشکەش دەکرێت:

## ١– کەرتی ئاو وژینگە

گۆڕانی ئاووهەوا ئاڵنگارییەکی هاوبەشی جیهانییە وعێراقیش پۆلێنکراوە لە نێوان ئەو پێنج وولاتەدا کە هەرە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر دروست دەبێت. نەبوونی پلان بۆ دەگمەنیی ئاو لەم میانەیەدا دەبێتە هۆی زیانگەیاندنێکی ماددیی زۆر بە ژینگەی عێراق وسیستمە ژینگەییەکەی. زەوییە ئاودارەکان، وەك زۆنگاوەکان ودەریاچە سروشتییەکان لەبەر مەترسیی ووشکبووندا دەبن. چالاکییە مرۆییەکان لە چەشنی بەرهەمهێنانی نەوت وکانزاکاریی وپاشەڕۆ پیشەسازییەکان وکەمیی ئەو ڕێکارانەی جێبەجێ دەکرێن، هۆکارگەلێکن بۆ پیسبوونی ڕووبەرە ئاوییەکان وسیستمی ئاوی ژێر زەویی. ئەمە وا دەکات عێراق پێویستیی بە پارە ودەرامەتگەلی زۆر بێت بۆ بنیاتنانەوە لە داهاتوودا. ئەم کەرتە تیشك دەخاتە سەر ئاشکراکردنی ئاڵنگارییەکان و دەرفەتە سەرەکییەکان لە چوارچێوە ناوخۆییەکەدا.

## ٢– کەرتی ئاو وئابووریی

ئاو پەیوەندییەکی پتەوی بەهۆکارە ئابوورییە جیاوازەکانەوە هەیە. بەشێوەیەکی بەرچاو دەکەوێتە بەر کاریگەریی ئاودێریی کشتوکاڵیی وبەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاویی وبەکارهێنانی ئاو لە ناو ماڵان وکەرتی پیشەسازیی ومەبەستە ژینگەییەکان وبەرهەمهێنانی بەردەوامی نەوت. ئەم کەرتە تیشك دەخاتە سەر ئاو وەکو کاڵایەکی ئابووریی وکاریگەریی ئابووریی ناوخۆ. چەند نموونەیەك: ٧٠%ی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی لە کەرتی کشتوکاڵدا بەکاردەهێنرێن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاسایشی خۆراك. پیشەسازیی بەرهەمهێنانی نەوت زیاتر لە ٩٠%ی داهاتی نیشتمانیی عێراق پێکدەهێنێت، هەر بەرمیلێك نەوتیش پێویستیی بە ٣-٥ بەرمیل ئاو هەیە.

## ٣– کەرتی ئاو وکلتوری کۆمەڵایەتي

لە دێر زەمانەوە ئاو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بوارە کۆمەڵایەتي وکلتوورییەکان هەبووە. ئاو توخمی کارای پەیدابوون ونەشونمای هەموو شارستانییەکانە. کەمي جێبەجێکردنی یاساکان ولاوازیی ژێرخان بۆ دابینکارییەکانی ئاو وئاوارەبوون وشەپۆلەکانی پەنابەران وکاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان ونەبوونی سەقامگیریی، هەموویان هۆکارگەلێکن کە پێویستیان بە توێژینەوەی قووڵ هەیە لە پێناو تێگەیشتن لە ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵی مەدەني وپاشان بەشداریکردنی لە بڕیارەکانی بەڕێوەبردنی ئاو وبنیاتنانی متمانە لە نێوان هاووڵاتییان ودەسەڵاتەکاندا. دەبێت پلانەکانی گەشەپێدان لەهەر وڵاتێکدا دەستپێگەیشتنی هاووڵاتییان بۆ ئاوی خواردنەوە وئاوەڕۆی گونجاو وپاکژیی دەستەبەربکەن.

## ٤– کەرتی ئاو وحوکمڕاني

ئەم کەرتە چەند بابەتێکی وەك حوکمڕاني ورێکارە گشتییەکان وبڕیارە سیاسییەکان/ جێبەجێکارییەکان و لایەنەکانی ململانێ وچارەسەر لەخۆدەگرێت. چەمکی سیاسەتی ئاویی بە واتای چۆنێتیي بەکارهێنانی ئاو دێت وەك توخمێك بۆ سەپاندن یان هەموارکردنی ئەجێندایەکی سیاسيي. بڕیار بەدەستەکان کاریگەرییان لەسەر نەوەکانی داهاتوو هەیە، چ لە ناوخۆ یان لە دەرەوە لە ڕێی پەسەندکردنی ستراتیژێکی دیاریکراو بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان. ڕێکارەکان ورەهەندی سیاسيي لە سەرچاوە ئاوییەکاندا کاریگەرییان لەسەر بەردەستبوون وجۆرێتیي سەرچاوە ئاوییەکان وگەشەپێدانی مرۆیی هەیە لەسەر هەردوو ئاستی نیشتماني وهەرێمایەتي.

## ٥– کەرتی ئاو وبەڕێوەبردن

ناتوانین شتێك بەڕێوە ببەین کە نەتوانرێت بپێورێت. بەڕێوەبردنی تەواوکاری ئاو پێویستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵێك ئاڵنگارییدا وەك یەك هەگبە. هەنگاوی یەکەم بریتییە لە دیارییکردنی نەخشەی خاوەن بەرژەوەندییە پەیوەندیدارەکانی ئاو ودەستنیشانکردنی بەرپرسیارێتیەکان. هەماهەنگيي وئاسانکاریی هاریکاریی لە نێوان خاوەن بەرژەوەندییەکان لە بواری بەڕێوەبردنی ئاودا ئەنجامگەلی باشتر دەستەبەر دەکەن کە لەسەر زەمین بەرجەستە دەبن بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان. بەبێ بوونی تێگەیشتنێکی ڕوون بۆ نەخشەی خاوەن بەرژەوەندییەکان لە بواری بەڕێوەبردنی ئاودا، گەڵاڵەکردن یان وەرگرتنی بڕیار ئاسان نابێت.

## ٦– کەرتی ئاو وتەکنۆلۆژیا

پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ئاو بۆ کەمکردنەوەی کەلێنگەلی نێوان خواست لەسەر ئاو ودابینکارییەکان. بەکارهێنانی شێوازە داهێنراوەکان وچارەسەرە زیرەکەکان بەشێوەیەکی بەرچاو یارمەتییدەردەبن بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام. چارەسەرکردنی ئاو وبەکارهێنانەوەی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پیسبوون وکەمکردنەوەی دەردانی ماددە کیمیاییە مەترسیدارەکان. ئەوەش دەبێتە هۆی سنووردارکردنی ئاوی چارەسەرنەکراوی ئاوەڕۆ. کارێکی لەو جۆرە پاڵ بە وولاتەوە دەنێت مەترسییەکانی کەمی ئاو کەمبکاتەوە ومامەڵە لەگەڵ ئاڵنگارییە هەستیارەکان بکات وەکو گۆڕانی ئاووهەوا وگەشەکردنی خێرای ژمارەی دانیشتووان.

هەر ووۆرکشۆپێك، سێ ڕۆژی خایاند تیایدا بەشداربووان دابەشکران بە سەر سێ گروپدا لە ڕۆژانی دووەم وسێیەمی هەر ووۆرکشۆپێکدا بۆ کارکردن لەسەر هەر شەش کەرتەکە وتاووتوێکردنی ڕەوشی ئێستا وئاڵنگارییە ناوخۆییەکان ونووسینی ڕاسپاردەکان بۆ لایەنە کارا جیاوازەکان لە کەرتە دیاریکراوەکەدا (یەکێك لەو شەش کەرتەی پێشتر ئاماژەیان پێکرا) کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێکەوە گرێدراوە لەگەڵ دۆسییەی ئاودا. نوێنەرایەتییکردنیش هەبوو بۆ تەواوی ئاستەکان وخاوەن بەرژەوەندییەکان لە هەر ئەڵقەیەکی گفتوگۆئامێزدا: ئاستی وەزارەتە پەیوەندییدارەکان وئاستی پارێزگا وئاستی ناوخۆیی وکەرتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان وناوەندە ئەکادیمییەکان (لە پاشکۆدا: میتۆدی کار و وردەکارییەکانی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان بەشێوەیەکی تێروتەسەل). هەروەك بەشداربووان تۆمارکران لە پلاتفۆرمێکی تایبەتدا، پلاتفۆرمی "ئەمە ئاوی خۆمانە"، بۆ ئاگادارکردنیان لە هەموو ئەو زانیاریی ودەرەنجامانەی لە سێ ووۆرکشۆپەکەدا بەدەستهاتوون. لەپاڵ ناردنی ڕاپۆرتێکی پڕ وردەکاریی لەسەر هەر ووۆرکشۆپێك بۆ هەمووان وپێدانی ماوەی زیاتر لە سێ مانگ بە هەموویان (لە ٢١ ئایار/مایۆوە تا ناوەڕاستی ئەیلول/ سێپتەمبەری ٢٠٢١) بۆ پێداچوونەوەی وپێشکەشکردنی پێشنیاز وتێبینیەکانیان. هەروەك ووۆرکشۆپی چوارەمیش ڕێکخرا کە هەموو پارێزگاکانی لەخۆگرتبوو بۆ پوختەکردن و ڕێکخستنی وەشانی کۆتایی ئەم نەخشە ڕێگایە.

زیاتر لەوەش وبۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین بەشداریی کۆمەڵایەتي وجوگرافي، فۆرمێکی ڕاپرسي دابەشکرا بەسەر چین وتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵی عێراقییدا کە زیاتر لە ٣٠٠ بەشداربووی لەخۆگرت لە ڕێی ئاشناکردنیانەوە بە هەر شەش کەرتە گرێدراوەکە بە دۆسییەی ئاوەوە ووەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان. زێدەباری ڕێکخستنی سێ کۆڕی گفتوگۆ بۆ کۆمەڵگا ناوخۆییەکان بەهاریکاریی ڕێکخراوگەلی ناوخۆیی عێراقي کە بایەخ بە کاروبارەکانی ژینگە وئاو دەدەن وئەم شارانەیان لەخۆگرت: موسڵ لە باکوری عێراق ورومادی لە ڕۆژئاوای عێراق وناسریە لە باشوری عێراق. (لە پاشکۆکەدا: نموونەیەکی ڕاپرسییەکە وئەنجامەکانی و وردەکارییەکانی دەرەنجامەکانی کۆڕەکان).

# ئەنجامەکان

ئەنجامەکان بە گوێرەی ناوچەبەندی جوگرافیی وئەو شەش کەرتە دەخرێنە ڕوو کە پێشتر باسکران، لە ڕێی پێشکەشکردنی کورتەیەك سەبارەت بە هەر کەرتێك لەگەڵ خستنەڕووی دیارترین تایبەتمەندییەکانیان، لەگەڵ پوختەیەك سەبارەت بە ڕەوشی ئێستا بۆ ئەو ناوچەبەندە جوگرافییە وبۆ هەر کەرتێك، ئەوجا خستنەڕووی ئاڵنگارییە سەرەکییەکان وکۆتاییەکەش بە پێشکەشکردنی ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان دەبێت.

## گروپەکانی کار:

لە هەر ووركشۆپێکدا، بەشداربووان کران بە سێ گروپەوە لە هەر دوو ڕۆژی دووەم وسێیەمدا بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە ڕەوشی ئێستا وئاڵنگارییە ناوخۆییەکان ونووسینی ڕاسپاردەکان بۆ لایەنە کارا جیاوازەکان: ئاستی وەزارەتە پەیوەندییدارەکان وئاستی پارێزگا وئاستی ناوخۆیی وکەرتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان وناوەندە ئەکادیمییەکان.

## ڕێنماییەکانی ڕاهێنان وئاراستەکردن:

- دابەشکردنی بەشداربووان بەسەر سێ گروپدا بەو جۆرەی هەر گروپێك یەك بابەت هەڵدەبژێرێت. (دڵنیابوون لەوەی کە تیمەکە پاشخانی هەمەجۆری: سیاسی وئەکادیمی وسڤیل وبەڕێوەبەرانی جێبەجێکار) لەخۆدەگرێت.
- تیمەکە ڕەوشی ئێستای ئاو وەسف دەکات وسەرنج دەخاتە سەر ئاستی ناوخۆیی ناوچەیەکی دیاریکراوی (باکور یان ناوەڕاست یان باشووری عێراق).
- تیمەکە لیستی پرسیارە ڕێنماییکارەکان بەکاردەهێنێت بۆ مسۆگەرکردنی گفتوگۆیەکی ئاراستەکراوی بەرهەمدار.
- تیمەکە باس لە ئاڵنگارییەکان وکەلێنەکان وکەموکورتیی و ئەو داواکارییانەش دەکات کە پەیوەندییان بە ئاوەوە هەیە (بۆ نموونە، ئەگەر بابەتەکە سەبارەت بە ژینگە بێت، ئەوا گفتوگۆکە: پەیوەندیی سەرچاوە ئاوییەکان بە لایەنە ژینگەییەکانەوە) دەبێت.
- تیمەکە ئەو چارەسەرگەلانە پێشنیازدەکات کە مایەی جێبەجێکردن بن ودەشێت بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لەسەر ئاستی ناوچە/ ئاستی وڵات بەرەوپێش ببەن.
- تیمەکە ئەو چارەسەرگەلانە پێشنیازدەکات کە مایەی جێبەجێکردن بن ودەشێت بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لەسەر ئاستی ناوچە/ ئاستی وڵات بەرەوپێش ببەن.
- تیمەکە ئاڵنگارییەکان وچارەسەر وراسپاردە پێشنیازکراوەکان پێشکەش دەکات بە تیمەکانی تر، وگفتوگۆیەکی کراوە دەکرێت بۆ ئامادەکردنی ئەنجامەکانی گروپی کار.
- تیمەکە پێشکەشکار/ پێشکەشکاران کاندید دەکات بۆ خستنەڕووی پێشنیازەکانی تیمەکە وکاردانەوەکان.
- هەموو ئاڵنگارییەکان کە لەسەرەوە باسکراون وچارەسەر وراسپاردە پێشنیازکراوەکان ئەوانەی گەڵاڵەکراو وئامادەکراون کۆدەکرێنەوە وبەدۆکیومێنت دەکرێن بۆ ڕێکخستنیان لە دانیشتنی کۆتاییدا.
- هەماهەنگکار گرەنتیی ئەوە دەکات کە ڕاهێنانەکە ڕوون بێت بۆ هەموو بەشداربووان، لە ڕێی پێدانی هەموو ئەو ڕێنماییانەی لەسەرەوە باسکران بەشێوەیەکی ڕوون پێش دەستبەکاربوونی گروپەکانی کار.
- هەماهەنگکار بەدواداچوون دەکات لەگەڵ هەر گروپێك بۆ دڵنیابوون لە وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێك یان هەر نیگەرانییەك وچاودێرییکردنی کاتی ڕاهێنانەکە.
- هەماهەنگکار پێشکەشکردنی بابەت وگفتوگۆکە بەڕێوەدەبات.

# ناوچەبەندی باکوری عێراق (هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك)

## ١ کەرتی ئاو وژینگە

### ١.١ وەسفکردنی رەوشی ئێستا

کاریگەریی گۆڕانی ئاووهەوا لە ساڵانی رابردوودا لەسەر ئاو روون وئاشکرابووە لە سەر ئاستگەلی جیاواز لە رووی بڕ وجۆری سەرچاوە ئاوییەکانەوە. ئەوەش بە سەختيی رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ئاو وئاساییش، بەجۆرێك شەپۆلی بەبیابانبوون وئاوەرابوون کاریگەریی هەبوو لەسەر تێکچوونی سیستمی ژینگەیی. گۆڕانی ئاووهەوا بە شێوەیەکی روون کاریگەریی هەیە لە باکوری عێراق ( بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان) بەوپێیەی ئاووهەوای ووشك جێی ئاووهەوای ناوچەی باکوری گرتۆتەوە کە لە بنەرەتدا بەوە جیادەکرێتەوە کە نیمچە ووشکە. هەمان شتیش بەسەر ناوچە شێدارەکاندا دەچەسپێت کە گۆڕاوە بە نیمچە ووشك. بەشی باکوری عێراق، بە هەرێمی کوردستانی عێراقیشەوە، درك دەکات بە پلانی ستراتیژیی خۆگونجاندن بۆ گۆڕانی ئاووهەوا کە بەم دواییانە لەلایەن پرۆگرامی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانراوە.

### ١.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- شەپۆلەکانی گەرمای بەرز وکەمبوونەوەیەکی زۆر لە داباریوەکاندا.
- زۆربوونی پیسبوونی خاك وخراپبوونی لە ناوچە کشتوکاڵییەکان وکەميی رووبەری رووەکيی وباڵکێشانی شارنشینيی بەسەر زەوییە کشتووکاڵیەکاندا.
- کەمبوونەوەی ئاستەکانی ئاوی ژێر زەویی.
- زیادبوونی پیسبوون (ئاو وخاك وهەوا)، ئەوەش کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لەسەر سیستمی ژینگەیی وهەمەجۆریی زیندەگیی، کە رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر لەدەستچوونی دەرفەتی وەبەرهێنان لە بواری گەشتوگوزاردا. چەند نموونەیەکیش بۆ ئەوە، رووباری تانجەرۆیە لە سلێمانی کە بە یەکێك لە سەرچاوە ئاوییە سەرەکییەکانی کشتوکاڵ وسامانی ئاژەڵ دادەنرێت لە باشوری سلێمانی بە داخەوە، ئەم رووبارە رووبەرووی پیسبوونێکی گەورە بۆتەوە، بەهۆی ئەمانەوە: شوێنی چارەسەرکردنەکە کە تەنیا ٥٠٠ مەتر لە رووبارەکەوە دوورە، لەگەڵ ئاوەرۆی راستەوخۆی کارگەکان (پاڵێوگە نایاساییەکان) وپاشەرۆکان بە نەوتیشەوە، کە راستەوخۆ فرێدەدرێنە ناو رووبارەکەوە بەبێ هیچ جۆرە چارەسەرکردنێك. لە ئێستادا رووبارەکە بە کەڵکی راوکردن یا مەلەکردن نایەت. زۆرێك لە ماسییەکان و زیندەوەرە ئاوییەکان لە نزیك پارێزگای هەڵەبجە مردار بوونەتەوە.

# ناوچەبەندی باکوری عێراق
# (هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوک)

- ئەو بەنداوانەی کە وڵاتانی چاوگ دروستیانکردوون، بە تایبەت تورکیا وئێران، بوونەتە هۆی کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە تەرخانکردنەکانی ئاوی سەر زەویی، ئەوەش بووەتە هۆی تێکچوونی سیستمی ژینگەیی لە ناوچەی باکور. پرۆژەی ئاوی کەمەرەیی (TWP) لە ئێران ئامانجی گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی وڵاتەکەیە لە رێی بنیادنانی ژێرخانی ئاویی زیاتر لەسەر لقەکانی هەردوو رووباری سیراون وزێی بچووک بەبێ راوێژ لەگەڵ عێراق وەک وڵاتی ئاورێژگە. پرۆژەی ئاوی کەمەرەیی ١٤ بەنداو دروستدەکات بە کۆی توانایەکی گلدانەوە کە دەگاتە ٩.١ ملیار مەتر سێجا (م٣) و بە درێژیی ١٥٠ کیلۆمەتر لە تونێلگەل کە ئاراستەی زیاتر لە یەک ملیارم٣ دەگۆرن. ئەم پرۆژەیە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای گلدانەوەی بەنداوی دەربەندیخان بە رێژەیەک دەگاتە ٧٧٪. ئەم کەمبوونەوە زۆرە لە پشکی ئاودا دەکرێت زیانێکی زۆر بەعێراق بەگشتی وهەرێمی کوردستان بەتایبەتی بگەیەنێت. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٩ دا لێشاوی ئاوی زێی خواروو بە رێژەی ٥٠٪ کەمیکرد، لە ئێستادا لێشاوەکانی ئاوی سەر زەویی لە ئێرانەوە لە سفر نزیک بونەتەوە، بەو پێیەی رووباری سیراون- دیالە پشت بە ئاوپێدانی ناوخۆیی دەبەستن کە لە ٧-٨ م3/ چرکە زیاتر نییە. هەمان دۆخیش سەبارەت بە رووباری زێی بچووک وبەنداوی دووکان لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک بەنداو دروستکراون وتونێلێکیش لێدراوە لە کانی سێو بۆ گۆرینی ئاراستەی نزیکەی ٢١ م3/ چرکە بۆ ئاوپێدان وبوژاندنەوەی دەریاچەی ورمێ لە ئێران. ئەم ئاڵنگارییە بۆ باقیی ناوچەکانی عێراق جێدەمێنێت.
هەرچی رەهەندی داراییشە ئەوە یەکێکە لە ئاڵنگارییە چارەنووسسازەکان، چونکە ناوچەی باکور، بە تایبەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی کەمیی داراییدان وجێکردنەوەی لە بودجەدا هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگارییە ژینگەییەکانی پەیوەست بە ئاوەوە، بە جۆرێک زۆربەی پرۆژەکان هەڵپەسێردراون یان دواخراون، ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کە دەزانین دۆسییەی ئاو دۆسییەیەکی سەرەرییە. تاکو ئێستاش بەنداوی موسڵ بەنداوێکی ناسەقامگیرە وهێشتا کارەکانی پرکردنەوە بەردەوامییان نییە.

# ناوچەبەندی باکوری عێراق
# (هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك)

## ١.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- دانانیٚ ناوچەی باکور، بە دیاریکراوییش هەرێمی کوردستانی عێراق لە پلانی ستراتیژیی گشتگیر بۆ چاودێریکردنی ڕەوشی ئاوی، چونکە ئەو ناوچەیە زانیاریی ئاماریی جێگری هەیە کە دەکرێت وەك سەرچاوە بەکاربهێنرێت.
- ئامادەکردنی بودجەیەك بۆ بنیاتنانی بەنداوی بچووك - مامناوەند کە یارمەتییدەرن بۆ گلدانەوەی ئاو.
- پەسەندکردنی چارەسەرکردنێکی کارا بۆ ئاو وبەکارهێنانەوەی سیستمی ئاوەڕۆ.
- بەکارهێنان وجێبەجێکردنی تەکنیکە پێشکەوتووەکانی ئاودێریی بۆ باشکردنی توانای خاك بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئاو.
- سەپاندنی ڕێساگەل ودانانی ڕێکارگەلی پابەندکار بۆ چالاکییە نایاساییەکان کە دەشێت زیان بە ئاو وژینگە بگەیەنن. هەروەها چاودێرییکردنی کارگەکان وچارەسەرکردن وپاڵفتەکردنی ئاوە بەفیرۆچووەکان. شان بەشانی سەپاندنی مەرجی سنووردارکار بۆ کەمکردنەوەی ڕاوی ماسی.
- پێکهێنانی وەفدێکی دانوستانکار کە نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەخۆبگرێت بۆ دانوستاندن سەبارەت بە پشکە ئاوییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی چاوگ.
- پێویستە بەنداوی بادوش وەك بەنداوێکی بەرگر بۆ بەرگرتن لە شەپۆلی لافاو لە حاڵەتی دروستبوونی هەر هەرەسێك لە بەنداوی موسڵدا دورستبکرێت، شانبەشانی کارەکانی پڕکردنەوە لە ناو بەنداوی موسڵدا.
- هاندانی بەکارهێنانی نموونەییانەی ئاو ودەرخستنی کاریگەرییەکانی کەمٚ ئاویی لەسەر لایەنی ژینگەیی وپشت بەستن بە پرەنسیپەکانی دبلن (کانوونی دووەم/ یەنایەری 1992) بۆ ئاو وگەشەپێدانی بەردەوام و تواناداران بە ژنان لەم چوارچێوەیەدا.

# ٢ کەرتی ئاو وئابووری

## ٢.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

عێراق وناوچەی باکور، بەهەرێمی کوردستانیشەوە، گیرۆدەی دەستی خراپ بەڕێوەبردنی ئاون لە کەرتەکانی کشتوکاڵ وپیشەسازی وبەکاربردنی ناوماڵدا، بەچەشنێك کشتوکاڵ پشکی شێری بەردەکەوێت، بەدوایدا پیشەسازی دێت، ئەوجا بەکارهێنانەکانی ناوماڵ. ئەم پەیکەربەندییە لاوازەی بەکاربردنی ئاو کاردەکاتە سەر ئابووری نیشتمانی. ئاو لەم میانەیەدا هەڕەشە دەکات لە ئاسایيشی خۆراك وەك سەرچاوەی بژێوی دانیشتووان ودابینکردنی هەلی کار وکەمکردنەوەی مەترسییەکانی بێکاری. ١٣٧٠٠ هەلی کارهەن لە کەرتی دابینکارییەکانی ئاو وئاوەڕۆدا، و لەم بوارەدا لانی کەم ٤١٠٠ کەس کاردەکەن لە پارێزگای موسڵ.هەنووکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٩٨٪ ی خواست لەسەر ئاو بۆ ناوچەکە دابین دەکات، بەڵام ئەو ڕێژەیە لە پارێزگای نەینەوا کەمترە.

## ٢.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- تاریفەی ئاو گونجاو نییە بەراورد بە تێچووی دابینکردنی ئاو وچاککردنەوەی تۆڕەکان ئاو.
- حاڵەتگەلی نەخۆشی هەن لە خراپی جۆری ئاوەوە پەیدابوون.
- بەشێوەیەکی گشتی، عێراق ڕێژەیەك لە دەرامەتە ئاوییەکانی لە دەستدەدات بە هۆی بەهەڵمبوونەوە، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی کەناڵەکانی سیستمی کراوە وەك شێوازێکی کۆنباو دەبێتە هۆی لە ناوچوونی سامانی ئاوی حکومی ولە دەستچوونی ودەرفەتەکان، بە تایبەت لە پارێزگای نەینەوا کە لەوێ
- جووتیارەکان ئەم سیستمە کۆنەی ئاودێری بەکاردەهێنن.
- ئاڵنگارییە تۆبۆگرافییەکان ودۆخە جیۆلۆجییەکان دەبنە هۆی پەککەوتنەکان لە جێبەجێکردنی سیستمی دابینکارییەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای نەینەوا، بە تایبەت لە سایەی ڕێکوپێك نەبوونی داراییدان بۆ بودجە کە دەبێتە هۆی پەکخستنی هەر پلانگەلێك.
- زیادبوونی نیشتەنییەکانی ناو ڕووبارەکان و داڕووتانی هەردوو بەری دیجلە لە پارێزگای نەینەوا.
- پەرێزگەیەکی ئەمنی هەیە کە ناتوانرێت کارمەندان وکەلوپەلی تایبەت بە ڕاماڵینی ناو ڕووبارەکان بگەن پێی.
- لاوازی جێبەجێکردنی برگەکانی یاسای پاراستنی ژێرخانی ئاو ونەبوونی هۆشیاری پێویست، بابەتگەلێکن بارگرانییەکی ئابووری دروستدەکەن کە لەسەر دەسەڵاتداران دەکەوێت. هەروەها ئەو تەکنۆلۆجیایەش کە بەکاردەهێنرێت لە ئاودێری وکشتوکاڵ وبەکارهێنانی ناو ماڵدا، باویان نەماوە وپێویستە زیاتر بەکەڵك بن لە ڕووی ئابوورییەوە.
- گەشەی دیموگرافی وشارنشینی خێرا، کە بە شێوەیەکی نارێکخراو ڕوودەدات وبەبێ پلانێکی گونجاو، بە جۆرێك کە ناکرێت ئەو برە ئاوە مەزەندە بکرێت کە لە دوو دەیەی داهاتوودا پێویست دەبێت لەگەڵ توانای پێویست بۆ دابینکارییەکانی ئاو/ سیستمی ئاوەڕۆ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گەشەیەدا.

# ناوچەبەندی باکوری عێراق
# (هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك)

## ٢.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- دابینکردنی بودجە بۆ ژێرخانی ئاو بەکارێکی بنەڕەتیی دادەنرێت ودەبێت بە خواستێکی نیشتمانیی بەپەلە دابنرێت.
- دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ کەرتە گرنگەکان بۆ دەستەبەرکردنی پێشکەوتن وبرەوسەندن لە ڕێی دامەرزاندنی سیستمێکی پێشکەوتوو وداهێنەرانەوە. دەبێت سیستم کۆی پێداویستییە سەرەکییەکانی بەکاربردنی ئاوی ناو ماڵان بە هەند وەربگرێت بە شێوەیەکی یەکسان وکارا.
- بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ئاوپێدانی دەستکرد بۆ پڕکردنەوەی عەمباراوەکانی ئاوی ژێر زەویی لە ناوچەکانی دامێنگەلی چیاکان.
- ڕامالینی بەردەوام بۆ ڕووبارەکان بە تایبەت ڕووباری دیجلە وبایەخدان بە چاککردنی کەنارەکانی ڕووبارەکان.
- باشترکردنی جۆرێتیی ئاو وکاراکردنی سیستمی زیرەك بۆ چاودێرییکردنی جۆرێتیی ئاو بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیگەلە جیاوازەکان ولێچوون لە سیستمی هێڵەکانی بۆرییەکان لە ژێر زەوییدا. لەم میانەیەشدا، زانینی تێچوونی چارەسەرکردنی نەخۆشیگەلی پەیوەندییدار بە ئاوەوە شایانی ئەوەیە هەڵسەنگاندنی بۆبکرێت لە بەرانبەر وەبەرهێنان لە جۆرێتیی ئاودا لە ڕوانگەیەکی ئابوورییانەوە.
- بەکارهێنانی سیستمی هێڵەکانی بۆرییە داخراوەکان بۆ دابینکارییەکانی ئاو بۆ کەمکردنەوەی بەهەدەرچوونی ئاو ووەبەرهێنان لەتەکنیکە داهێنەرانەکان وژێرخانی ئابووریی وەکو ئاوپێدانی دەستکرد بۆ دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی ئاو وگلدانەوەی. سیستمگەل وپێوەرە تازەکان وادەخوازن حکومەت پەسەندیان بکات بۆ هەر پڕۆژەیەك، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییدارن بە کەرتی کشتوکاڵەوە.
- گەڵاڵەکردنی/ پێداچوونەوە بە یاسای پاراستنی ئاو وبنەماکانی هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە ئاو وپێشکەشکردنی ئەو بنەمایانە بە دەستە یاسادانەرییەکان. دەبێت یاسا جەخت بکاتەوە لەسەر هاوردەکردنی ئامرازگەل وئامێرگەلە بەکەڵکە ئابوورییەکان بەتەنها وگرێدانی ئەوەش بەسیستمی هاندانەکانەوە وەکو باجی کەمتری هاوردە بۆ بازرگانی کۆفرۆش (وەکو سیستمی ئاوی بەلوعە وجلشۆرەکان وگەرماوەکان وسیستمەکانی ئاودێریی ...هتد) لەگەڵ پەسەندکردنی سیستمێکی پێشکەوتووی چاودێرییکردنی جۆرێتیی.
- وەبەرهێنان لە پرۆژە ناوخۆییەکاندا لە ناوچە گوندنشینەکاندا کە دەکرێت هاریکار بێت لە پێشکەشکردنی چیرۆکێکی سەرکەوتوو وبنیاتنان لەسەر ئەو ئەزموونە بۆ فراوانکردنی پەیرەوکارییە باشەکان. ڕاسپاردە دەدرێت بۆ بەکارهێنانی پرۆژەی داهێنەرانەی GIZ لەشاری دهۆك وەك نموونەیەکی باش. ئەم پرۆژە فرە قۆناغە کە تێچووەکەی ٣٠ ملیۆن یۆرۆیە، ئامانجی بنیاتنانی تەکنیکێکی هاوچەرخە بۆ ئاوەڕۆ وتەکنیکی تێچوونی یاسایی بۆ سیستمی چارەسەرکردنی ئاو بۆ بەکارهێنانەوەی ئاو لە کەرتی کشتوکاڵدا، هەروەها هەلی کاری زۆر بۆ فەرمانبەرە ناوخۆییەکان دابین دەکات. پرۆژەکە چارەسەرگەلی زیرەکیش فەراهەم دەکات بۆ دارشتنەوەی پەیکەربەندیی کارگێڕیی وئامادەکردنی ڕاپۆرت وڕوونکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی ڕاژەخوازان وکەموکورتیی لە بەڕێوەبردنی داتاکاندا.
- لەبەرئەوەی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە بەم دواییە کار دەکات لەسەر پرۆژەیەکی سێ ساڵ بۆ دانانی ستراتیژیی کارکردن لەسەر بابەتی گۆڕانی کەش وهەوا، ڕاسپاردە دەدرێت بەهاوبەشییکردنی ئەنجامەکانی ئەم ستراتیژە وپێشکەشکردنی بە دەستە یاسادانەرییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی تێچوونی پەسەندکردنی ستراتیژی مامەڵەکردن لە گۆڕانی کەش وهەوا بۆ عێراق.

# ناوچەبەندی باکوری عێراق
# (هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك)

## ٣ کەرتی ئاو وڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیی

### ٣.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا
ئاو توخمێکی سەرەکییە بۆ سەلامەتیی مرۆڤ وتەندروستیيە دەروونییەکەی. بەشێکیشە لە پێداویستییە سەرەکییەکان لە قوچەکەکەی ماسلۆدا بۆ پێداویستییەکان. جیاوازیی گەورە لە خزمەتگوزارییە زیندەگییەکان لە نێوان شارەکان وشارۆچکەکاندا دەردەکەوێت، بە تایبەت لەوەدا کە پەیوەندیی هەیە بە دابینکارییەکانی ئاوەوە. قەزای شەنگال بە نموونەیەکی ئاشکرا دادەنرێت بۆدەرخستنی کاریگەرییەکانی کەمیی دابینکارییەکانی ئاو وپێداویستییە سەرەکییەکان لەسەر ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی وکلتووریی. ئەوەتا پاش ئەوەی زیاد لە ١٠٠،٠٠٠ کەس گەڕایەوە بۆی، زۆربەیان دیسان بەم دواییە ئاوارەبوونەوە بەهۆی کەمیی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانەوە و لەپێش هەمووشیانەوە کەمیی ژێرخانی ئاو. ئەم ئاوارە بوونەوەیەش لێکەوتەگەلی هەیە کە دەکرێت بە گۆڕانە دیمۆگرافییەکان وبابەتگەلە کۆمەڵایەتییەکان دەست پێبکەن بە تایبەتیی بۆ ژنان، ئەوە جگە لە ئاڵنگارییە ئابوورییەکان ومەترسییە تەندروستییەکان.

### ٣.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان
- کەموکورتیی زۆر لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ژێرخانی ئاودا، بە دیارییکراوی لەو شارانەدا کە بە ناوچەگەلی جەنگ لەقەڵەم دراون وکەوتوونەتە بەر هێرشە تیرۆریستییەکان. پارێزگای نەینەوا نموونەیەکە بۆ ئەو شارانەی لە میانەی پرۆسە سەربازییەکاندا دژی ڕێکخراوی داعش لە حوزەیران / یۆنیۆی ٢٠١٤ دا وێرانبوو. خەڵکیی لە ناو کامپەکاندا دەژیان لەگەڵ بەدەستگەیشتنێکی کەم بە پێداویستییە سەرەکییەکانیان بۆ ماوەی زیاتر لە شەش ساڵ، بەتایبەت بەدەستهێنانی ئاو وبوونی ئاوەڕۆ. ئەم بەسەرهاتە خراپە هەر بەردەوام دەبێت ئەگەر خزمەتگوزارییگەلی گونجاو نەبنەوە مایەی بنیاتنانەوەی شارە وێرانکراوەکان وگەڕاندنەوەی خەڵکیی بۆیان.
- کەمیی هۆشیاریی لای هاووڵاتییان ودەوڵەتیش بەهەمان شێوە سەبارەت بە بەهای ئاو وەك کاڵا. چەند هەوڵێکی شەرمنانە هەبوون لەلایەن کەناڵەکانی میدیاوە بۆ ڕوماڵکردن وتیشك خستنە سەر ئەو ئاڵنگارییە هەستیارە. ئامارەکان ئاماژە دەکەن بۆ بوونی تەنیا چوار ڕێکلام لە ساڵێکدا کە تیشك دەخەنە سەر هۆشیاریی لە دۆسییەی ئاودا.

# ناوچەبەندی باکوری عێراق
# (هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك)

- لاوازیی رێکخستن ونەبوونی ممتانە لە نێوان کۆمەڵگە ودەسەڵاتە حکومییەکاندا، بەوپێیەی رێکخراوە ناحکومییەکان چالاك نیین لەو بوارەدا. بە زانینی ئەوەی کە زیاتر لە ٢٠٠ رێکخراوی ناحکومیی ناوخۆیی تۆمارکراو لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەن لەوانەی تایبەتمەندن لە بوارەکانی ئاو وژینگەدا. ئەو رێکخراوانە کارا نین بەهۆی سنووردارێی گەیشتن بە داراییدان. هەروەها رۆڵی ژنانیش تا ئێستا نەرێنییە، لە کاتێکدا ئەوان بەکاربەری کۆتایین کە رۆژانە مامەڵە دەکەن لەگەڵ ئاودا لە ناو ماڵدا، چ لە چێشت لێناندا بێت یان جل شۆردن یان بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەی ئاو بەکاردەبەن.
- سنووردارێی روانینی دەسەڵاتە خۆجێییەکان وپێویستیی نەهێشتنی نەخوێندەوارێی ئاویی، بەجۆرێك پلانگەلی ستراتیژیی جێبەجێ نەکراون بۆ هۆشیارکردنەوە سەبارەت بەگرنگیی بەرێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لەپاڵ بەشدارێی پێنەکردنی ئەکادیمیستان وژنان بە شێوەیەکی کارا لە دروستکردنی بریاردا.
- نەبوونی یاساگەلی پێویست وجێبەجێکردنەکان لە چوارچێوەی مافەکانی ئاو وهۆشیارێی گشتییدا. لەوانە لێدانی بیرە هەرەمەکیی ونایاساییەکانی ئاو سەردەکێشێت بۆ لە دەستدانی عەمباراوە ستراتیژییەکان بە جۆرێك تێکرای خواست لە هەرێمی کوردستان لەسەر بیرەکان دەگاتە نزیکەی ٦٠٠٠ لە کاتێکدا کۆی گشتیی بیرەکانی ئاو (تۆمارکراو وتۆمارنەکراوەکانیش) گەیشتۆتە زیاد لە ٣٠٠٠٠ ، واتە پێنج هێندەی خواستەکە. ئەوە جگە لە دوورێی سەلامەتی لێدان لە نێوان بیرەکانی ئاودا. دەسەڵاتە خۆجێییەکان لە هەرێمی کوردستان سێ جۆر دووریيان دەستنیشانکردووە، ٥٠٠م ، ٦٠٠م ، ٧٠٠ م.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا،پابەندبوونی سوودمەندان بوونی نییە.

# ناوچەبەندی باکوری عێراق
# (هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك)

## ٣.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- پێدانی کاری لە پێشینە بە بونیادنانەوەی پێداویستییە سەرەکییەکان وژێرخانی ئاو لەو شارانەدا کە گرفتاری تیرۆر بوون ویارمەتییدانی خەلکی بۆ گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان لەڕێی بەتواناکردنیان بۆ گەیشتن بەخزمەتگوزارییەکانی ئاو. لەپاڵ ئەوەشدا هاریکاریی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان وناوخۆییەکان بەشداریی دەکات لە سەقامگیریی وگەڕانەوەیان بۆ ژیانی ئاساییان بە شێوەیەکی خێراتر. لەوەش گرنگتر، کەمکردنەوەی کاریگەرییە کۆمەلایەتییەکان وگۆڕانکارییە دیموگرافییەکان.
- گەلالەکردنی هەلمەتێکی گشتیی هۆشیارکردنەوەی تایبەت بە ئاو کە چەند ئاستێکی جیاواز بە ئامانج وەربگرێت وەکو وەزارەتی پەروەردە وفێرکردن ووەزارەتی ڕۆشنبیری ووەزارەتی ئەوقاف وزانکۆکان ودەستەکانی گەشتوگوزار وراگەیاندن وبەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ودامەزراوەکان ودەستەکانی ئاو وشوێنەکانی خواپەرستیی وەك مزگەوتەکان وکلێساکان. بۆ ئەوەش دەکرێت پرۆژەی GIZلە دهۆك وەك نموونەیەکی سەرکەوتوو پەسەندبکرێت چونکە هەلمەتەکەی ئەوان هاریکاربوو لە کەمکردنەوەی بەکاربردنی ئاو بە ڕێژەی ١٠-٢٠٪، بە بەکارهێنانی برگەگەلێك لە کتێبە پیرۆزەکان وەك قورئان وئینجیل بۆ هاندانی خەلکیی لەسەر دەستگرتن بە ئاوەوە. نموونەیەکی تریش بریتییە لە ئەزموونی ئێران کە پێویستیی بە ١٥ ساڵ بوو لە هەلمەتی ئاو بۆ بەدەستهێنانی جیاوازییەکی گەورە وبەرچاو لە ئاستی هۆشیاریی کۆمەلایەتییدا. بە بایەخەوە ڕاسپاردە دەدرێت کە هەموو ئاژانسێکی میدیایی ئەرکە کۆمەلایەتییەکەی ببەستێتەوە بە بەرەوپێشبردنی هۆشیاریی خەلکی بەرامبەر بە ئاو.
- پشتگیرییکردنی ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتیی وناوخۆییەکان، لە ڕێی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوەش بە هاندانی ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕاسپاردنی بەشێك لە پرۆژە ژینگەییەکانیان بەڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان کە لە هەمان بواردا کاردەکەن. ئەم کارە یارمەتیی ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان دەدات چالاك بن بەکردارەکیی بەوەش کەلێن نەبوونی متمانە کەمدەبێتەوە لە نێوان کۆمەلی مەدەنیی ودەسەلاتە ناوخۆییەکان. زیاد لەوەش پێویستە جەخت بکرێتەوە لەسەر بەهێزکردنی ڕۆلی ژنان لە کەمکردنەوەی بەکاربردنی ئاودا.
- هاندانی زیاتر هاریکاریی هاوبەش لە نێوان فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکومەتی خۆجێیی لە پارێزگای نەینەوا لەلایەك وڕێکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنیی ( ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی) لەلایەکی ترەوە.
- دانانی پرۆگرامگەلی فێرکاریی تایبەت کە برەوبدەن بە ڕۆشنبیریی بەکارهێنانی ئاو تاوەکو ببێتە بەشێك لە سیستمی خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییەوە.
- بەشداریی پێکردنی ئەکادیمیستان وەك ڕاوێژکاران لە نووسینگەی پارێزگار بۆ هەر پرۆژەگەلێکی پەیوەندییدار. تەرخانکردنی تواناسازیی بۆ فەرمانبەرانی دەسەلاتی خۆجێیی کارێکی پێویستە بۆ بەدیهێنانی بەردەوامیی.
- دانانی یاسای ئاو تایبەت بە حکومەتی ناوەندیی وجێبەجێکردن وسەپاندنی برگەکانی یاسای ئاوی پەسەندکراو لە هەرێمی کوردستان. هەروەها جێبەجێکردنی برگەکانی یاسای پاراستن وباشکردنی ژینگە ژمارە ٢٧ ی ساڵی ٢٠٠٩.

# ٤ کەرتی ئاو و حوکمڕانی

## ٤.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

حوکمڕانی بریتییە لە پرۆسەی حوکمداری. لە ئێستادا لاوازی هەیە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەدا کە پەیوەندییان بەکەرتی سەرچاوەکانی ئاوەوە هەیە، ئەوەش پرسێکە پێویستی بە پێداچوونەوە ونوێکردنەوە هەیە. نەخشەی خاوەن بەرژەوەندییەکان بەشێوەیەکی گشتی کەلێنەکان لە رووی پەیکەربەندی بڕیاردران وپەیوەندییکردن وبەرپرسیارێتییەکان دەردەخات کە ئەوانیش پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە.

## ٤.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- نەخشەیەکی ناروون بۆ خاوەن بەرژوەندییەکان لە بواری ئاودا کە پێویستی بە پەرەپێدان وروونکردنەوە هەیە  بۆ کەلێنەکان ورایەڵەکانی پەیوەندیی نێوان لایەنە کارا حکومییەکان وناحکومییەکان. بە شێوەیەکی گشتی، کەموکورتی هەیە لە هاریکاری نێوان دەسەڵاتە خۆجێییەکان وحکومەتە فیدراڵییەکاندا هەیە. هەروەها ژینگەی سیاسی ئێستا ڕەنگدانەوەی ئەو ئاستە لاوازەی متمانەیە کە لە نێوان خاوەن بەرژەوەندییەکانی بواری ئاودا هەیە.
- کەموکورتی لە دیپلۆماسییەتی ئاوی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی لەگەڵ وڵاتە ڕووبارداڕەکانی وەك توركیا وئێران. سیستمی لامەرکەزیی کە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە پەسەندی کردووە دەسەڵاتگەلی داوە بە دەسەڵاتە خۆجێییەکان وچەندین کەلەبەر وناوچەی خۆڵەمێشی هەڵماڵیوە، بەتایبەتی لە دەستوری فیدراڵییدا، هەموو ئەم پرسانە پێویستیان بە سەرلەنوێ خوێندنەوە وروونکردنەوە ولێکدانەوە هەیە.
- نەبوونی هاوکاری/هەماهەنگی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی وحکومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی بەرژەوەندییە سیاسییە جیاوازەکانەوە. بە دانانی ئەمەی دواییان وەك ناوچەی ئاوڕێژگە (حکومەتی هەرێمی کوردستان) و وەك ناوچەی چاووگ بۆ حکومەتی فیدراڵی، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەبنیاتنانی تواناکانە لە دیپلۆماسییەتی ئاوی ودانوستانە ئاوییەکاندا. نموونە بۆ ئەوە، حکومەتی فیدراڵی عێراق خۆی بەرپرسە لە تەرخانکردنەکانی ئاو لە بەنداوەکانەوە، تەنانەت ئەوانەشی لە هەرێمی کوردستاندان. هەر ئەویش بەرپرسە لە دابینکردنی مووچەکانی تایبەت بەفەرمانبەران.

# ناوچەبەندی باکوری عێراق
# (هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك)

هەروەك بەرێوەبەرایەتیی بەنداوەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی ساڵانە وەردەگرێت بۆ تەرخانکردنەکانی ئاو لە وەزارتی سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە کەچی لە ساڵی ٢٠١٧ دا کاتێك ئێران ژێرخانی ئاوی خۆی لەسەر رووباری سیروان- دیالە پەرەپێدا و لێشاوی ئاو بە رێژەی زیاد لە ٧٠٪ دابەزی، مشتومڕ لە نێوان بەرێوەبەرایەتیی بەنداوەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ووەزارەتی فیدراڵیی سەرچاوە ئاوییەکاندا روویدا بەهۆی ئەوەی هاتووە ئاوییەکان بۆ ناوچە فیدراڵییەکان کەمتر بوو بەهۆی پێویستیی زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستانەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیدا دانوستان بکات لەگەڵ ئێران لەسەر رێککەوتنێك بەڵام حکومەتی ئێران ئەوەی رەتکردەوە وداوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە دانوستانەکەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا بێت. هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیی کرد وهانیدا دانوستان بکات لەسەر رێککەوتنێك لەگەڵ ئێران، بەڵام حکومەتی فیدراڵیی عێراق کاری لە پێشینەی نەدا بەو دۆسییەیە.

- روون نەبوونی تێگەیشتن لە دەسەڵاتە خۆجێییەکان ودارشتنیان وبەرپرسیارێتییەکانیان وادەکات بریار کەمتر کاریگەربێت. ئەمە لە کاتێکدا یاسا ماوەیەك دەخایەنێت تا دادەرێژرێت وجێبەجێدەکرێت. نموونە بۆ ئەوە، وەزارەتی سەرچاوە سروشتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا قەوارەی یاسایی بەرپرس نییە لە سەرچاوەکانی ئاو وێرای دەلالەتی ناولێنانەکە، ئەوەش بۆ خۆلادان لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵییدا. لەمەوە بریاری تەنیا پەیوەستە بە بواری نەوت وکانزاکان وسەرچاوە ئاوییەکانەوە و فەرمانگەیەکی بچووك پێکدەهێنێت کە سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵە.
- بە داخەوە بەرێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان بە پێشینەی کارەکان دانانرێت وتا ئێستا بایەخپێدانێکی کەم هەیە لەلایەن بریاربە دەستدانەوە بەجۆرێك مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگارییەکانی ئاو تەنیا پەیوەستە بە کاتی رووداوەکان وقەیرانی لافاوەکان یان لە وەرزەکانی ووشکەساڵییدا.
- نەبوونی بانکێکی زانیاریی متمانەپێکراو ورووونکار بۆ تۆمارەکانی پەیوەست بە ئاو وادەکات هەر بریارێك یان رێنماییەك قورس بێت.

# ناوچەبەندی باکوری عێراق
# (هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك)

## ٤.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- ئامادەکردنی نەخشەی خاوەن بەرژەوەندییەکان لە ئاودا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی هێنانە ناوەوەی چەند لایەنێکی کارای تر وبەکردارەکیی ڕوونکردنەوەیان لە نەخشەی ئامادەکراوی خاوەن بەرژەوەندییەکان لەم پرۆژەیەی ئێستادا وەکو هەر شەش لیژنە پارلەمانییەکەی هەرێمی کوردستان( واتە لیژنەکانی ژینگە وتەندروستیی وکاروباری ژنان و ..هتد) کە چالاکن لە بواری ئاو ورەهەندە ژینگەییەکاندا (لە پاشکۆکەدا: نەخشەی ئامادەکراوی خاوەن بەرژەوەندییەکانی ئاو لە سەرتاسەری عێراق وهەرێمی کوردستان لە سەرچاوەکەیەوە - دکتور سامح ئەلیقدادیی). دەستنیشانکردنی بەرپرسیارێتییەکان وئامانجەکان بۆ هەر لایەنێك بۆ خۆلادان لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان.
- پێکهێنانی قەوارەیەکی نوێ وەك دەستەی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG WA) ودارشتنەوەی پەیکەربەندیی هەندێك لە بەڕێوەبەرایەتییەکان کە ئێستا لە کاردان وەکو بەڕێوەبەرایەتی بەنداوەکان وبەڕێوەبەرایەتیی سەرچاوە ئاوییەکان وبەڕێوەبەرایەتیی پرۆژەکانی ئاو و...هتد) بۆ ئەوەی هەموویان لە ژێر سەرپەرشتیی KRG WA دا کاربکەن کە قورساییەکی زیاتر و ڕێنماییکردنێکی باشتر بۆ بڕیارەکانی ئاو دەدات لەگەڵ ڕێکخستنێکی باشتر لەگەڵ لایەنە کاراکانی تردا. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم دەستەیە دەبەسترێتەوە بە ئەنجومەنی باڵای ئاو (HWC) ی ئێستا لە حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا. ئەم کارە بەشێوەیەکی باشتر نوێنەرایەتییکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات لە ناو ئەنجومەنی باڵای ئاودا لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە ئەم چوارچێوەیە هانی هاوکاریی زیاتر دەدات لە نێوان حکومەتی فیدراڵی عیراق وحکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ گەیشتن بە ڕوانینێکی هاوبەش کە دەکرێت بەشێوەیەکی بەهێز ببێتە مایەی پەرەپێدانی توانای دانوستان لە میانەی ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکانی ئاو لەگەڵ وڵاتە رووبارییەکاندا.
- دامەزراندنی بانکی داتا وزانیارییەکانی سەرچاوەکانی ئاو لەسەر ئاستی پارێزگاکان و لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. پاشان گرێدانی بە بانکی داتاکانی حکومەتی فیدراڵییەوە بۆ دەستەبەرکردنی تۆمارە نوێکراوەکان وئامارە ڕوونەکان ویارمەتییدانی هەردوولایان بۆ ئەوەی لە سەر هەمان ڕێڕەو بن لە کاتی دانوستان لەسەر هەر ڕێککەوتنێکی ئایندەیی لەگەڵ وڵاتە ڕووبارییەکاندا.
- پەیرەوکردنی پرەنسیپی هاوسەنگیی جێندەریی (نێوان هەر دوو ڕەگەز) وەك بەشێك لە بەڕێوەبردنی تەواوکاری ئاو بەوپێیەی پێویستە ژنان وەك چەقی دابینکردنی ئاو وبەڕێوەبردن وپاراستنی بناسێنرێت. تێپەڕاندنی جیاوازییە جێندەرییەکان ونابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی دەستگەیشتنی دادپەروەرانە بەسەرچاوەکان وکۆنترۆڵکردنیان وکەڵك وتێچووەکان وبڕیاردان لە نێو ژنان و پیاواندا.

ناوچەبەندی باکوری عێراق
(هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك)

# ٥ کەرتی ئاو وبەڕێوەبردن

## ٥.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

کۆی گشتیی مەزەندەکراوی سەرچاوەکانی ئاوی سازگار لە حەوزەکانی باکوردا لە نێویاندا هەرێمی کوردستان نزیکەی ٣٥ ملیار م٣ ( ئاوی سەر زەویی نزیکەی ٣٠ ملیار م٣و ئاوی ژێر زەوییش نزیکەی ٥ ملیارم٣). هەروەها خواستی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان (٦,١٠٠,٠٠٠ کەس) دەگاتە ١٥٢٥٠٠٠ م٣/ ڕۆژ (٦,١٠٠,٠٠٠* ٠.٢٥) بە قەبارەی بەکاربردنێك لە ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ لیتر بۆ هەر تاکێك / ڕۆژ. هەروەك حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی ٢ ملیار م٣/ ڕۆژ دابین دەکات). بەڵام ئەم ڕەوشە لە دەیەی داهاتوودا بەردەوام نابێت بەهۆی گەشەی ڕوو لە زیادبوونی دیموگرافیی وکاریگەریی گۆڕانی ئاووهەوا. لەبەرئەوە پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ ستراتیژێکی کارا بۆ بەڕێوەبردنێکی تەواوکاری ئاو.

## ٥.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- کەموکورتییەکی زۆر هەیە لە ئیدارەدانی داتاکانی پەیوەست بە سەرچاوە ئاوییەکاندا. ئاڵنگارییگەلی زۆر لەم لایەنەوە لەئارادا : نەبوونی داتای پێویست وپشتراستکردنەوەی ڕاست ودروستیی وتەواوکاریی داتاکان وچاودێرییکردنی ڕێکخراو وچاودێریکردنی دڵنیایی جۆریی. هەروەها هەماهەنگییەکی باش لە نێوان حکومەتی فیدراڵیی وحکومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە لە ڕووی ئاڵوگۆڕکردنی داتاکانەوە.
- ناڕوونیی لە ڕوانین ونەبوونی ستراتیژێکی گشتگیر یان پلانێکی سەرەکیی بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان. تەنانەت ئەگەر ستراتیژیش هەبێت، ئەوا دەبێت ویستێکی سیاسییش هەبێت بۆ جێبەجێکردنی. هەروەها بەشداریی پێنەکردنی دامەزراوە ئەکادیمیەکان وناوەندەکانی توێژینەوە. چەند پرۆژەیەکی ئەزموونیی هەیە، بەڵام ئێمە پێویستمان بە جێبەجێکردنیانە لە ئاستێکی فراواندا.
- کەرتی کشتوکاڵ بەکاربەری هەرە گەورەی ئاوە بە جۆرێك نزیکەی ٩٠٪ ی ئاو بۆ ئەم کەرتە دەچێت. لەبەرئەوە دەبێت هەر پلانێکی بەڕێوەبردن سەرنج چڕبکاتەوە لەسەر ئەم کەرتە بۆ بەدەستهێنانی ڕێبازی بەڕێوەبردنی تەواوکاریی بۆ سەرچاوە ئاوییەکان. ئەوەش پێویستیی بە پاڵپشتیی داراییی ودابینکردنی بودجە پێویستەکان وهاریکاریی باش هەیە لە نێوان لایەنە کاراکانی دۆسییەی ئاودا.

# ناوچەبەندی باکوری عێراق
# (هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك)

## ٥.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- ئەنجامدانی مۆدێلێکی ماتماتیکي لەسەر ئاستی ناوخۆیی (عێراق) وهەرێمي (تورکیا وسوریا وئێران) بۆ هەردوو حەوزی فورات ودیجلە. ئەوەش پێویستي بە وێستگەی ئاووهەوایی وبەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای زانیارییە جوگرافییەکان هەیە بۆ پێوانەکردنی دابارین وپێدانەوەی ئاو لە بارینی بەفر وئەنجامدانی شیکارییەکی قووڵ وشیکردنەوەی بەردانەوە بۆ بەدەستهێنانی سیستمی هاوسەنگیي ئاو بۆ ناوچەکە. ئەم ستراتیژە پشتیوانیی دانوستانکار دەکات لە دەستنیشانکردنی زانیارییە باوەڕپێکراوەکان لە کاتی وتووێژەکاندا لەگەڵ وڵاتە ڕووبارییەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی دادپەروەرانە. دەبێت بە بەردەوامي چاودێریی ئاستی ئاو بکرێت لە ڕێی هەڵکەندنی بیرە ئاوی قووڵەوە لە ناو عێراقدا لە نزیك سنوورەکانی وڵاتە ڕووبارییەکان. پێویستە ئەو بیرانە بگەن بە کانگای ناوچەیی وهاوبەش بۆ چاودێرییکردنی ئاستی ئاوی ژێر زەویی.
- دامەزراندنی ناوەندێکی توێژینەوە بۆ بایەخدان بە پلاندانی ستراتیژیی سەرچاوە ئاوییەکان وژینگە وبەڕێوەبردنی تەواوکار.
- دیارییکردن ودابەشکردنی بودجە وتەرخانکردنی پێویست بۆ پرۆژەکانی ئاوی پارێزگاکان، لەسەر بنەمای دابەشکردنی حەوزەکانی ئاو، نەك سنوری کارگێڕیی نێوان پارێزگاکان. ئەوە وا دەکات تێگەیشتنێکی تەواو بهێنێتە ئارا بۆ ڕەوشی ئێستای سەرچاوە ئاوییەکان.
- پشتیوانییکردن لە جووتیاران بە ئامێر وتەکنۆلۆجیای نوێ وسیستمی پێشکەوتووی ئاودێریی لە ڕێی بەکارهێنانی ئامێرگەلی ئەوتۆ کە بڕێکی کەمتر لە ئاو بەکاربەن. گرێدانی ئەوەش بە سیستمی هانداُن وپشتیوانییکردنی بەرهەمی نیشتمانیي وسەپاندنی باجی زۆرتر بەسەر بەرهەم و کاڵای هاوردەکراودا.

# ناوچەبەندی باکوری عێراق
# (هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك)

## ٦ کەرتی ئاو وتەکنۆلۆجیا

پێویستییەکی زۆر هەیە بە تەکنۆلۆجیای ئاو بۆ کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان خواست لەسەرئاو ودابینکارییەکانی. بەکارهێنانی شێوازی داهێنەرانە وچارەسەرگەلی زیرەك بەشێوەیەکی باش یارمەتي گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام دەدات. بەکارهێنانی چارەسەرکردنی ئاو و بەکارهێنانەوەی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی پیسبوون ودەردانی ماددە کیمیاییەکان وماددە مەترسیدارەکان، ئەوەش دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە ئاوی چارەسەرنەکراوی ئاوەڕۆکان. ئەمەش وا دەکات وڵات هانبدات بەرەو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی دەگمەنی ئاو بڕوات ومامەڵە بکات لەگەڵ ئاڵنگارییە هەستیارەکاندا وەکو گۆڕانی ئاووهەوا و گەشەی خێرای ژمارەی دانیشتووان.

### ٦.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

زۆربەی تەکنیکە بەکارهاتووەکانی کەرتی ئاو کۆنن وباویان نەماوە. تەنیا چەند ژمارەیەکی کەم لە وێستگەکانی چاودێرییکردن وکۆکردنەوەی تۆمارەکانی ئاوی سەرزەویی وژێرزەویی هەن. زۆربی ژمارەی بیرە تۆمارنەکراوەکان چاودێرییکردنی هەموویان و پاراستنی سەقامگیریی واقیعی ئاویی قورس کردووە. هەمان شتیش سەبارەت بە کەرتی کشتوکاڵ کە گرفتاری کێشەی لاوازیی کارامەیی بووە لە ڕووی بەکاربردنی ئاو بەرانبەر بڕ وئاستی بەرهەمهێنان. لە ماوەی دوو دەیەی داهاتوودا، پەرەپێدان وبەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ کارێکی پێویست دەبێت بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی نێوان خواست و خستنەڕوو.

### ٦.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- تەکنۆلۆجیایەکی کۆنی بەکارهاتوو لە ئاستگەلی جیاوازدا: کشتوکاڵ وکۆکردنەوەی ئاو ودابینکارییەکانی ئاو. حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستمی سازگارکردنی ئاو لە ناوچەکەدا بەکارناهێنێت کە جیادەکرێتەوە بە سوێرێتیي زۆر ونزمیي جۆرێتیي ئاو. هەرچی پارێزگای نەینەوایە، لەسەر ئاستی ناوخۆیی تەکنۆلۆجیایەکی کۆن بەکاردەهێنێت بۆ سازگارکردنی ئاو، بەڵام لە چوارچێوەیەکی تەسك وسادەدا.
- کەمیي ژمارەی بەنداوەکانی کوردستان تایبەت بە کۆکردنەوەی ئاو بەهۆی کەمیي داراییدانەوە لە کاتێکدا زۆربەی بەنداوەکان کۆنن و لە ڕێی سیستمێکی کۆنباوەوە بەڕێوەدەبرێن.
- پێنەدانی کاری لە پێشینە بە پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای بەڕێوەبردنی ئاو لە بودجەی نیشتمانییدا ونەبوونی پشتیوانیي بۆ جووتیاران لە ڕێی دابینکردنی کەلوپەلگەل و ئامێرگەلی تازە و لەبارەوە.

# ناوچەبەندی باکوری عێراق
# (هەرێمی کوردستانی عێراق وهەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك)

## ٦.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- دانانی یاسایەك لە ڕێی دەسەڵاتی یاسادانانەوە بۆ جێبەجێکردنی تەکنۆلۆجیا نویێ کە برێکی کەمتر لە ئاو بەکاردەبات ویارمەتییدەرە بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانمان بەشێوەیەکی ڕاست ودروست. بەڵام بەبێ دابینکردنی بودجەی پێویست ئەو یاسایە کارا نابێت.
- تەرخانکردنی بودجە بۆ بەرەوپێشبردنی توانا وکارامەیی فەرمانبەرانی حکومەت لە وەزارەتەکان وڕاهێنانیان بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نویێ.
- تەرخانکردنی بودجەیەك بۆ هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەی حکومي بۆ ئاشناکردنی جووتیاران بە شێوازە زیرەکەکانی ئاودێری.
- بەکارهێنانی تەکنیك وئامێرە نوێکان وئەو پرۆگرامانەی پێویستن بۆ وەزارەتەکان ودامەزراوە ئەکادیمیەکان وناوەندە پەیوەندیدارەکانی توێژینەوە.
- هاندانی بەکارهێنانی تەکنیکە نوێکان لە کەرتی ماڵاندا بۆ بە بڕەبەشکردنی بەکارهێنانی ئاو.
- دامەزراندنی وێستگەگەلی چارەسەرکردنی ئاوی پاشەڕۆ پیشەسازییەکان وئاوی قورس  بە بەکارهێنانی سیستمی داخستنی خۆبەخۆ بۆ خۆبەدورگرتن لە بڵاوبوونەوەی هەر پیسبوونێك کە ئەگەری ڕوودانی دەکرێت.
- بەکارهێنانی سیستمێکی تەکنیکي نویێ بۆ کۆنترۆڵکردنی بەنداوەکان بۆ بەشدارییکردن لە سەقامگیریی ئاساییشی ئاویی ئەو سەرچاوانە وبەکارهێنانی کۆنترۆڵ لە دوورەوە بۆ بەڕێوەبردنی تۆڕەکان ووێستگەکانی ئاو وبەنداوەکان.

# ناوچەبەندی ناوەڕاستی عێراق

## ١ کەرتی ئاو و ژینگە

### ١.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

ئەو سیاسەتانەی لەلایەن وڵاتە ڕووبارییەکانەوە دەگیرێنەبەر ونەبوونی هەماهەنگي هاوبەش بوونەتە هۆی ئەوەی هاتووە ئاوییەکان بکەونە بەر کاریگەریی بەشێوەیەکی یەکجار گەورە بەتایبەتي بۆ هەردوو حەوزی دیجلە وفورات. بەجۆرێك هاتووەکان دابەزیون بۆ نزیکەی یەك لەسەر سێ ئەوەش بەشێوەیەکی ڕوون کاری کردۆتە سەر کەرتی کشتوکاڵ لە ڕووی جۆری بەروبوومەکان وبەکارهێنانی ڕێگە کۆنباوەکانی ئاودێرییەوە. هەروەها کاری کردۆتە سەر کەرتی ئاژەڵداریی. دابەزینی ئاشکرای کەرتی کشتوکاڵ بەهۆی کەمي ئاوەوە بووەتە هۆی لاسەنگي ژینگەیي وڕوودانی کۆچ وگۆڕانی دیمۆگرافي، بەجۆرێك ڕووبەری بەبیابانبوون ١٠٠ هەزار دۆنم زیادی کردووە وهاتووەکانی ڕووباری فورات دابەزیون بۆ نزیکەی یەك لەسەر سێ.

### ١.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- پیسبوونی ئاشکرای ژینگە لە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق کە بووەتە هۆی لاسەنگي ژینگەیي وسەرەنجام دیاردەی گۆڕانی کەش وهەوا.
- نەبوونی توانا بۆئاوداکردنی ناوچە گونجاوەکانی زۆنگاوەکان وڕووبەرە ئاوییەکان بەهۆی بەرزونزمي هاتووە ئاوییەکانەوە.
- هەبوونی چالاکي پیشەسازیي مۆڵەت پێنەدراو وچاودێریي نەکراو.
- لاوازیي هۆشیاریي وڕۆشنبیریي ژینگەیي لای هاووڵاتییان و دامەزراوەکانی حکومەت بەهەمان شێوە.
- کاریگەربوونی بەنداوەکان بەدیارییکراوی گەورەکانیان لە ناوخۆ ودەرەوەدا لەسەر بڕو جۆری هاتووە ئاوییەکان.

### ١.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- کاراکردن وهەموارکردنەوەی یاسا ژینگەییەکان ئەوانەی پەیوەندییدارن بەئاوەوە و بەکارهێنانەکانیان. هەروەها دەرکردنی یاسای پاراستنی ئاو وزەوییە شێدارەکان.
- هارکاریي وهاوبەشییکردنی دامەزراوەیي لەنێوان حکومەتی فیدراڵي وپارێزگاکان وهەرێم. هاوکات لەگەڵ ئەوە، هارکاریي لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنيي ودامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.
- پەسەندکردنی ڕێکارگەلە ئاویي وژینگەییەکان کە پشت بە لێکۆڵینەوە وتوێژینەوەی زانستيي تۆکمە دەبەستن، کە ئەوەش پێویستيي بە هەوڵی هاوبەش هەیە لە نێوان فەرمانگە پەیوەندییدارەکان ودامەزراوە ئەکادیمییەکاندا.

# ناوچەبەندی
# ناوەڕاستی عێراق

- چاودێرییکردنی چالاکییەکانی کەرتی نەوتی وبەرهەمهێنانی وزە لەڕێی بەشدارییکردنیان لە چارەسەری کێشە ژینگەیی و ئاوییەکاندا بەتایبەتی لەڕێی گرێبەستەکانی مۆڵەت پێدانەوە لەگەڵ سەپاندنی چاودێرییەکی توندوتۆڵ بەسەر لایەنە پیسکارەکان بۆ ژینگە و برەودان بە یاسا و ڕێسا هاندەرەکان.
- پەسەندکردنی تەکنیکە نوێکان لە بواری چاودێری وچارەسەرکردنی ئاودا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاوی ئاوەڕۆ وئاوی چۆڕاوەی کشتوکاڵی و ئاوە پیشەسازییەکان.
- دانانی ستراتیژێکی نیشتمانی پەیوەست بەژمارە وداتا وزانیاریی بەدەست هاتوو لە ڕوومالکردنە مەیدانییەکان ولێکۆڵینەوە وتوێژینەوە پەیوەندییدارەکانەوە بە بەڕێوەبردنی ئاو وپەرەپێدانی سیستمە ژینگەییەکان.

## ٢ کەرتی ئاو وئابووری

### ٢.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

ناڕوونی هەیە لە دۆسیەی ئاو وئابووریدا لەبەر ئەوەی ئەم کەرتە هەستیارە گرفتاری کێشەی کەمی زانیاری وئامارە پەیوەندییدارەکانە دەربارەی ئاستی کاریگەری ئاو لەسەر لایەنی ئابووری یان بەپێچەوانەوە. هەر بۆ نموونە، نرخدانێکی دیارو ڕوونکار وپەیڕەوکراو نییە لە بواری کشتوکاڵییدا کە بەگەورەترین بەکاربەری سەرچاوە ئاوییەکان دادەنرێت. هەروەها بروایەکی فراوان هەیە لەسەر نەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی برە بەشە ئاوییەکاندا بەو پێیەی بەشێکی کۆمەڵگا ئاو زیاتر بەکاردەهێنێت لەوانی تر. زیاتر لەوەش، کارە لە پێشینەکان لە پێدانی ئاودا نیین جا بۆ کەرتی کشتوکاڵ بێت یان پیشەسازیی یان بەکارهێنانەکانی مالان بێت.

### ٢.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- ئەو ناجێگیرییەی لە بڕی داهاتی ئاودا ڕوودەدات ڕێگرە لە بەردەم دانانی پلانی ئابووری بۆ وەبەرهێنانی ئەو سەرچاوانە بەباشترین شێوەی وچڕکردنەوەی هەوڵەکان تەنیا بۆ دانانی پلانی کورت ماوە وتەنانەت ساڵانە بۆ پشتگیرییکردنی ئابووری ناوخۆ.
- کەمی ئامارە ئابووری وڕاست ودروستەکان کە تایبەتن بە دۆسییەی ئاو وپێویستییەکانی و بۆ کەرتە جیاوازەکان.
- نەبونی نرخدانانێکی ئاشکرا بۆ ئاو ولاوازیی کۆکردنەوەی داهات کە دەبێتە هۆی زیانی گەورە لە کەرتی حکومی وبەشی دابینکردنی تێچووەکانی کارپێکردنی تایبەت بەدۆسییەی ئاو ناکات.
- ئەو بەفیڕۆدانەی ڕوو دەدات بەهۆی ژێرخانی کۆنی دارماوەوە کە دەبێتە هۆی لە دەستدانی سەرچاوە ئاوییەکان وتێچوونی ئابووری گەورە کە لە ئەنجامی ئەو بە فیڕۆدانەوە دروست دەبێت.

## ناوچەبەندی
## ناوەڕاستی عێراق

### ٢.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- مکومکردنی ئەو هەوڵانەی دەدرێن وهاریکارییکردن لەگەڵ وڵاتە ڕووبارییەکان لەلایەك ولەسەر ئاستی ناوخۆ لە نێوان پارێزگاکان وهەرێمدا لەلایەکی ترەوە.
- دیارییکردنی ئاستەکانی بەڕێوەبردن ودیارییکردنی ئەرکەکان وپتەوکردنی لایەنی یاسایی بۆ پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان.
- تازەکردنەوەی داتای پێویستییەکان لە برە بەشە ئاوییەکان بە شێوەیەکی ورد بۆهەر کەرتێك بۆ بەدیهێنانی نموونەیەکی ئابووری کە قەبارەی زیان یان قازانجی بەدەستهاتووی هەر کەرتێك دیاری بکات وبەراوردی بکات لەگەڵ تێچووی ڕاستەقینەی خەرجکراو بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری.

# ٣ کەرتی ئاو وڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی

### ٣.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

تا ئێستاش ئاو سامانێکی کۆمەڵگەیی بە فیرۆدراو وبەها نادیدە گیراوە لای هاووڵاتیی لە ئەنجامی کەمیی هوشیارییەوە لەمەڕ بایەخی ئاو وەك سامانێکی نیشتمانیی لەگەڵ نەبوونی جێبەجێکردنی توندی یاساکان لەلایەن لایەنە جێبەجێکارەکانەوە دژی سەرپێچییکاران. ئەمە سەرباری نەبوونی متمانە لە نێوان هاووڵاتیی ودەسەڵاتەکاندا وکاریگەریی گۆڕانی کەش وهەوا ودیاردەی بەبیابانبوون وکۆچی هاووڵاتییان لە ناوچەکانیانەوە بۆ شارەکان کە بوونە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتیی وگۆڕانی دیمۆگرافیی کە کاریگەریی نەرێنییان هەبوو لەسەر زیاتر کەمکردنەوەی ئاو وتێکدانی ژێرخانی ئابووریی کە کاریگەریی کۆمەڵایەتییان هەبوو. هەروەك ناکۆکییە خێڵەکییەکان بەهۆی زیادەڕەوییەکانەوە بۆ سەر برە بەشە ئاوییەکان بوونەتە دیاردەیەکی بەربڵاو. ئامادەنەبوونی ئاشکرای میدیای حکومەت وپلانەکانی هۆشیارکردنەوەی تایبەت بەکێشەکانی ئاو بوونەتە هۆکارێکی دیار بۆ زیاتر قووڵبوونەوەی ناهۆشیاریی لەم دۆسییە ژیانسازییەدا. بەهەمان شێوەش سیاسەتی چەوتی بەش بەشێنەی حزبیی لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتە جێبەجێکارییە نا تایبەتمەندەکاندا بووە هۆی ئاڵۆزبوونی دیمەنی ئاویی وزیادبوونی لێکەوتەکانی لەسەر کۆمەڵگا.

### ٣.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- بە بیابانبوون وکۆچکردن دووان لە هەرە دیارترین ڕواڵەتەکانی کەمیی سەرچاوە ئاوییەکانن کە ڕاستەوخۆ کاریان کردۆتە سەر کۆمەڵگا لە ناوەڕاستی عێراق.
- هەروەك کەمیی ئاو ڕاستەوخۆ کاریشی کردۆتە سەر ئاسایشی خۆراك لە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق کە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی هەژاریی وجێهێشتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان وداواکاریی لەسەر کارە حکومییەکان ئەمە لە کاتێکدا دامەزراوە حکومییەکان گیرۆدەی بارگرانیی بوون بە فەرمانبەران. لە ئەنجامی ئەم دۆخەش ، ڕێژەکانی بێکاریی وتاوان وبەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان بەرزبوونەتەوە.

# ناوچەبەندی
# ناوەڕاستی عێراق

- تاوسەندنی ناتەبایي وململانێ هۆزا وهۆز و خێڵەکییەکان بەهۆی کەمي هاتووە ئاوییەکانەوە. بۆ نموونە، بەردانەوە ئاوییەکان بۆ کەناڵی حللە کە شارەکانی حللە وسەماوە ودیوانییە، ئەوانەی کەوتوونەتە باشوری بەغداد، سودی لێ وەردەگرن، ٢٣٠ م٣/ چرکە لە وەرزە تەڕەکاندا، بەڵام ئەو تێکڕاییانە دادەبەزن تا دەگاتە تەنیا ٨٠ م٣/ چرکە ، ئەوەش ئەو ناکۆکییانە توندتر دەکات.
- خەمساردیي هاووڵاتییان لە پێدانی روسوماتی ئاو لە ئەنجامی نەبوونی متمانە لەنێوان هاووڵاتیان وحکومەتدا.

## ٣.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- دیارە بەکارهێنانی ڕێگە نوێکان بۆ ئاودێریي ودەست پێوەگرتنی ئاو لە ماڵاندا دەبێتە هۆی گلدانەوەی لانی کەم ٢٠% ی ئاوی بەکاربراوی ئێستا. ئەمەش کارێکە بەشداريي دەکات لە پتەوترکردنی سەقامگیریي کۆمەڵگەیي.
- چارەسەرکردنی ئاوی بەفیڕۆچوو بۆ بەکارهێنانەوەی لە کشتوکاڵدا وباشترکردنی ڕووپۆشی رووەکيي و دارستانسازيي دەبنە هۆی کەمکردنەوەی دیاردەی بەبیابانبوون و گلدانەوەی 8.2 ملیار م٣ ئاو لە ساڵێکدا.
- سوود وەرگرتن لە ئاوی ژێر زەویي  بۆ ئۆقرەیي هاووڵاتيي وئاوارەنەبوون جارێکی تر وجێنەهێشتنی زەوییەکەی یارمەتيي دەدات لە دابینکردنی ڕووبەری کشتوکاڵيي زیاتر. بەڵام ئەم سود وەرگرتنە دەبێت بەوردیي دیراسەکرابێت بۆ خۆلادان لە هەڵلوشینی عەمباراوەکانی ژێر زەویي.
- جێبەجێکردنی یاساگەل وکۆکردنەوەی ڕسومات بەشێوەیەکی کارا ودادپەروەرانە ولێپێچینەوەی ئەوانەی کەمتەرخەمن وسپاردنی دۆسییەی ئاو بەکەسانی تایبەتمەند دوور لە بەش بەشێنەی حزبيي وئاراستە سیاسییەکان.
- هاریکاریي لە نێوان زانکۆکان و دامەزراوە ئەکادیمییەکان بۆ دانانی بەرنامەیەکی زانستيي بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کەمي ئاو وهاندانی توێژینەوەی زانستيي کرداريي لەم چوارچێوەیەدا.
- پشتگیرییکردنی جوتیاران بە داراییي وکەرەستە لە ڕێی ئامێرسازيي پێشکەوتوو وپەیینی کیمیاويي لەپاڵ کاراکردنی سیستەمی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵيي وکاریگەریي لەسەر ئاسایيشی خۆراك وکەمکردنەوەی ئاوارەبوون.

ناوچەبەندی
ناوەڕاستی عێراق

# ٤ کەرتی ئاو وحکومڕانیی

## ٤.١ باسکردنی دۆخی ئێستا

پێویستییەك هەیە بۆ بەشداریی پێکردنی هەموو ئەو خاوەن بەرژەوەندییانەی پێکەوە لە دۆسییەی ئاودان بۆ دروستکردنی بریار لە ئاستگەکە جیاوازەکاندا لە پێناوی ئەوەی دۆسییەی ئاو مەرکەزییەتێکی ڕاستەقینەی هەبێت بۆ دوورکەوتنەوە لە پەرتەوازەیی بریار. ئەم بابەتە پێویستیی بەدانانی ڕێبازێك بۆ کارکردنی پێکەوەیی هەیە کە زیاتر لە دە ساڵە پلانی بۆ دانراوە وخۆی لە پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای ئاودا دەبینێتەوە. بەداخەوە ئەنجومەنی باڵای ئاو پێك نەهێنراوە تا ئێستا. بەڵکو پێشنووسی یاسایەکی بۆ ئامادەکراوە وخوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا پاشان کشێنرایەوە. لە ئاکامی ئەوەدا لیژنەی باڵای نیشتمانیی ئاو پێکهێنرا بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. ئەوەبوو چەندین کۆبوونەوەی ئەنجامدا و بڕیارەکانی کاریگەربوون. وەلێ کۆبوونەکانی سست بوون بەم دواییە بەهۆکارگەلی ڕێکخستنئامێزەوە بەڵام هێشتا ماوە.

## ٤.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- دیاردەی گەندەڵیی لە عێراقدا لە گەورەترین کێشە لەچارەسەرنەهاتووەکانە کە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان ڕووبەڕووی بوونەتەوە لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەوە. ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی ئەو شڵەژانەوە کە لە سیستەمی سیاسییدا ڕوویداوە پەیدابوو کە لەسەر بنچینەی ململانێ وبەش بەشێنەی حزبیی دامەزرێنراوە. ئەو کارەی کە باڵی کێشاوە  بەسەر هەموو دۆسییەکاندا لە نێویشیاندا دۆسییەی ئاو.
- زۆربوونی خواست لەسەرئاو لە ئەنجامی گەشەی دیموگرافیی بەرێژەگەلی بەرز کە پلاندانانی شێلگیرانە دەخوازێت بۆ پاشەڕۆژی ئاویی لە وڵاتدا ولەبەرانبەریدا کەمبوونەوەی هۆشیاریی کۆمەڵگەیی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوە ئاوییەکاندا.
- نەبوونی زانیاریی ژمارەیی ورد ورووونکار پەیوەست بەئاو وبەکارهێنانەکانی ئەرکی هەر پرۆژەیەکی چاکسازیی یان ڕێکخستنکاریی قورس کردووە بۆ دابینکردنی سەرچاوەی دارایی پێویست یان سەپاندنی ڕسوماتی دیاریکراو.
- لاوازیی توانای جێبەجێکردنی پێکهاتەی یاسادانەریی وجێبەجێکردنی بڕیارە دەرچووێندراوەکانی پەیوەست بەئاو وژینگە بۆ ئەوەی ئەو پێشکەوتنانە ڕەچاو بکات کە لەسەرئاستە جیاوازەکانی جیهانیی وهەرێمایەتیی وناوخۆیی ڕوودەدەن.
- نەبوونی پەیکەربەندی یاسادانەریی بۆ ئەنجومەنی باڵای ئاو بەم شێوەیەی ئێستای. لەپاڵ قورسیی کۆکردنەوەی هەموو ئەندامان لەسەر یەك مێز بەهۆی پابەندبوونە حکومییەکانی تریانەوە. هەروەها لە ئەنجومەنەکەدا هەموو خاوەن بەرژەوەندییەکان نوێنەرایەتییان نییە لەناویشیاندا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی بۆ نموونە.

## ٤.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- کاراکردنی کاری لیژنەی باڵای ئاو و لەهەمان کاتدا کارکردن لەسەرپەسەندکردنی یاسای ئەنجومەنی باڵای ئاو وەکو دەستەیەکی سەربەخۆ پاش فراوانکردنی بنکەی بەشدارییکردن تیایدا لە هەموو خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە. دەبێت لیژنەکە ڕاستەوخۆ ببەسترێتەوە بە بەرزترین لایەنی جێبەجێکارەوە. بڕیارەکانیشی پابەندکار دەبن بۆ هەموو وەزارەت ودامەزراوە حکومییەکان بۆ دەستەبەرکردنی مەرکەزییەت وهەمەچەشنیی وکاریگەریی بڕیاری تایبەت بەدۆسییەی ئاو.
- دەرکردنی یاسای بەڕێوەبردنی ناوخۆیی ئاو لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.
- مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسییەی ئاو وەکو دۆسییەیەکی نیشتمانیی هەستیار کە دەچێتە چوارچێوەی ئاساییشی نیشتمانیی وکاری لە پێشینەی پێ بدرێت.
- هاریکاریی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ دانانی ڕێکارە گشتییەکان و شێوازی دانوستان دەربارەی ئاوە هاوبەشەکان ولێك نزیکخستنەوەی بۆچوونەکان وسوود وەرگرتن لێیان وەکو نێوەندگیران.
- پێداچوونەوە بەهەندێك کەلێنی دەستوریی تایبەت بەدۆسییەی ئاو وبەتایبەتیی هەردوو مادەی ١١٠ و١١٤ی جێی مشتومڕ لەڕێی ڕوونکردنەوەی بەرپرسیارێتیی ڕەها بۆ دۆسییەی ئاو.
- چەسپاندنی چەمکی جۆرێتیی ئاو لەپاڵ بڕەکەیدا لە بواری دابەشکردنی سەرچاوە ئاوییەکاندا لە نێوان خاوەن بەرژەوەندیەکاندا.
- پەسەندکردنی ڕێکارێکی گشتیی بۆ سوودوەرگرتن لە ئاوی ژێر زەویی کە بەردەوامییدانی ڕەچاوبکات وەك سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوی پاڵپشت بۆ ئاوی سەر زەویی پێ بەتایبەتیی لە کاتەکانی وشکەساڵییدا.

# ناوچەبەندی
# ناوەڕاستی عێراق

## ٥ کەرتی ئاو وبەڕێوەبردن

### ٥.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

ئاشکرایە کە بەڕێوەبردنی کەرتی ئاو لە ڕێی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانەوە ئەنجامدەدرێت بەجێبەجێکردن لەلایەن ناوەندی نیشتمانیی بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانەوە وتیایدا برە بەشەکان دابەشدەکرێن بەسەر پارێزگاکاندا لەڕێی دەستەی گشتیی کارپێکردنی پرۆژەکانی ئاودێری وشۆردنەوەی زەوییەوە بەهاریکاریی دەستەی گشتیی بەنداو وعەمبارەکان. دیارە تێگەیشتنی تەواو لەبەڕێوەبردنی ئاو وبەدیهێنانی داواکارییە نیشتمانیی وناوچەییەکان پێویستیی بەچاودێرییەکی ڕێکخراو وبەدواداچوونی جۆرێتیی هەیە. هەروەها پێویستیی بەهاریکاریی هەیە لەگەڵ زانکۆکان وناوەندەکانی توێژینەوە بۆ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە وتوێژینەوەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ ئەو کارامەییانەی بەردەستن لە وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان وبەردەستبوونی داتاکان. لە بەرانبەردا ناجێگیریی هەیە لە سەرچاوە ئاوییەکاندا لەگەڵ خراپبوونی جۆرێتییەکەیدا. سەرباری ئەمەش بەکارهێنانی ناژیمەندانە تا ئاستی بەفیڕۆدان وئەو زۆربوونەی لەگەشەی دانیشتوواندا ڕوویداوە وپرۆژە ئاودێریی وئاوییە پەککەوتوو وکەڵەکە بووەکان بەهۆی نەبوونی یان خاووخلیچکیی تەرخانکراوە داراییەکان. هەروەها تێرژاندنی ئاوی ئاوەڕۆ وشۆڕاوەکان ڕاستەوخۆ بۆ ناو ڕووبارەکان بەبێ چارەسەرکردن یەکێکە لە دیارترین ڕواڵەتە بینراوەکانی خراپیی بەڕێوەبردن وپلاندانان.

### ٥.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- بەرزونزمیی هاتووە ئاوییەکانی تایبەت  بەعێراق بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر دۆسییەی بەڕێوەبردنی ئاو بەتایبەتیی لە وەرزەکانی وشکەساڵییدا کە تیایدا هاتووە ئاوییەکان کەمیان کردووە بەبڕی سێ یەك بە بەراورد بەوەی پێشتر هەبوو لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا.
- بەردەست نەبوونی گوژمە داراییە پێویستەکان بۆ تەواوکردن وئەنجامدانی پرۆژەی گرنگی ژێرخان لە کەرتی ئاودا. زێدەباری ئەمەش، ڕاگرتنی ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوبەش کە بووەتە هۆی کەڵەکەبوونی ژمارەیەکی زۆری پرۆژەی تەواو نەکراو، یان هەمووی یان بەشێکی وئەوەش بەتێپەڕبوونی کات دەبێت بە کێشەیەکی تەواو ئاڵۆز.
- ئەو زیادەڕەوییانەی کراون بۆ سەر برە بەشە ئاوییەکان لە نێوان پارێزگاکان وتەنانەت لە ناو پارێزگاکان خۆشیاندا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ولێدانی هەڕەمەکیی بیرەکان وکاریگەریی ڕاستەوخۆی  لەسەر چاوگەکانی ئاو وهەڵکێشانیان.
- پەسەندنەکردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتیی لەپاڵ بارودۆخی ناجێگیریی ئاسایش. هەروەها کاریگەریی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ هۆکارگەلێکن بوونە هۆی کەمیی کارمەندان وتواناگەلی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی دۆسییەی ئاو.
- نالەباریی یان نەبوونی ڕوونکاریی لە پێدانی زانیاریی لەلایەن فەرمانگەگەلی جیاوازەوە بە زانکۆکان بۆ پشتگیرییکردنی هەوڵی زانستیی.

# ناوچەبەندی
# ناوەڕاستی عێراق

## ٥.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- کاراکردنی هەماهەنگی لێبڕاوانە لەگەڵ وڵاتانی چاوگ بۆ گەیشتن بەڕێککەوتنێکی دادپەروەرانە لە دابەشکردنی بڕە بەشی ئاوی پێویست.
- تەرخانکردنی گوژمەی پێویست بۆ تەواوکردنی پرۆژە پەککەوتوو وستراتیژییەکان و بۆ تەواوکردنی ئەو توێژینەوانەی تایبەتن بە کەرتی ئاو.
- جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی تایبەتن بە ڕێگرییکردن وکەمکردنەوەی زیادەڕەوییەکان بۆ سەر برە بەشە ئاوییەکان بەتایبەتی لەناو پارێزگاکاندا وکەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەسەڵاتداران و ڕاگرتنی لێدانی هەڕەمەکی بیرەکان.
- کۆمەڵەکانی بەکارهێنەرانی ئاو لە ئێستادا لە قۆناغی دامەزراندندان. لەبەر ئەوە، ڕاسپاردە دەدرێت بە فراوانکردنی دامەزراندنی کۆمەڵەکانی بەکارهێنەرانی ئاو وکارکردن لەسەر ڕێکخستنی کارەکانیان بەیاسایەك یان ڕێنماییگەلی ئەوتۆ کە بنەمای یاساییان هەیە بۆ گفتوگۆ وسوود وەرگرتن لەئەزموونی کەسانی تر لە دابەشکردنەکانی ئاودا.
- ئاسانکاریی ئەرکەکانی دەستکەوتنی زانیاریی لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندییدارەکانەوە بۆهارکاریی لە پەرەپێدانی کەرتی توێژینەوەسازیی تایبەت بەدۆسیەی ئاو.
- بەکارهێنانی ژێرمەندانەی ئاو وپەرەپێدانی هۆشیاریی کۆمەڵگەیی بە ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردن بەو بابەتانەی تایبەتن بەم دۆسییە گرنگە.
- بەردەامییدان بە پرۆژە ئاودێرییەکان و چاکسازیی کردن تیایاندا بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکخراو لەگەڵ ڕامالینی هەردوو ڕووباری دیجلە وفورات وپابەندکردنی خاوەن پرۆژە پیشەسازیی وحکومیی وتایبەتییەکان بەتایبەتی نەخۆشخانەکان بە تێنەڕژاندنی ئاوە قورسەکان وپاشەڕۆکان بۆ ناو ڕێڕەوی ڕووبارەکان.
- پابەندکردنی وەزارەتی نەوت وکۆمپانیا نەوتییە مۆڵەتپێدراوەکان بە پەیرەوکردنی پێوەرە نیشتمانیی ونێودەوڵەتییەکان لە میانەی ئەنجامدانی کارەکانیان لەسەرتاسەری عێراقدا بۆ پاراستنی ئاوی سەرزەویی و ژێر زەویی.
- دەرکردنی یاسای پاراستنی زەوییە ئاودارەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە لەگەڵ نوێکردنەوەی توێژینەوە ستراتیژییەکانی ئاو وزەوییەکان.

# ناوچەبەندی
# ناوەڕاستی عێراق

## ٦ کەرتی ئاو وتەکتۆلۆجیا

### ٦.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

سیستمگەلی چاودێرییکردنی ئاوی سەر زەویی وژێر زەویی بوونیان هەیە لە ڕووی جۆر وچەندایەتییەوە. هەروەها سیستمگەلی کۆنترۆلکردنی بەردانەوەی ئاو لەپاڵ سیستمگەلی سازگارکردن. بۆ نموونە لە پارێزگای بەغداد کە ژمارەی وێستگەکان ١٣ وێستگەیە لەسەر ڕووباری دیجلە (پردی موسەننا –دیالە). هەروەها بەنداوەکانی حۆران و ڕوتبە لەڕۆژئاوا ولە سنووری ڕۆژهەڵاتەوە لە بەدرە، بەڵام کۆکردنەوەی ئاو لەسیستمگەلی ماڵاندا نییە وسیستمگەلی ئاوپێدانی دەستکردیش نییە و بوونی سیستمگەلی سازگارکردنی ئاو لەچەند ناوچەیەکدا سنوورداره. قەبارەی داهاتی ئاوی نوێبووەوەی ژێرزەویی مەزەندە دەکرێت بە ٤.٨ ملیار م٣، بەڵام وێستگەگەلی چارەسەرکردنی پێویست نییە، بەجۆرێك تەنیا ٤٠ وێستگە هەیە دابەشکراوە بەسەر ناوەڕاست وباشوری عێراقدا. عێراق بەنداوگەلی پێویستی تەواوی هەیە بەتوانای گلدانەوەی نزیکەی ١٥٠ ملیار م٣، بەڵام تەکنیکگەلی زیرەك لەماڵان وکارگەکان وکەرتی کشتوکاڵدا نییە. هەروەها ئەو وێستگانەی وزەی لەسەر بەنداوەکان هەن زیاتر لە ٥ % ی وزەی کارۆئاویی فەراهەم ناکەن. بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای ئاودێریی لەڕێی بۆری داخراوەوە لەبواری کشتوکاڵدا بەشێوەیەکی زۆر کەم بەکاردێت وەکو ئەوەی کەربەلا کە بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە نزیکەی ٤٠%ی ئاو دەگەڕێنێتەوە.

### ٦.٢ التحديات الرئيسية

- لاوازیی ژێرخانی تۆڕە گوێزەرەوەکانی ئاو کە زۆربەیان کراوەکان وەدەبنە هۆی بەفیڕۆدان لە ئەنجامی بەهەڵمبوون.
- نەبوونی سیستمەکان یان تۆڕەکانی سوود وەرگرتن لە باراناو بۆ پڕکردنەوەی ئاوی سەرزەویی وژێرزەویی.
- نەبوونی نوێکردنەوەی داتاکان ومامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو بۆ چاودێرییکردن وشیکردنەوەی ئەو داتایانە لەگەڵ کەمیی تەرخانکردنە داراییەکان کە ئامانجیان پڕۆژە کرداریيەکان بێت بۆ کەرتە جیاوازەکان وەك وێستگەکانی چارەسەرو سازگارکردن وچاودێریی.

# ناوچەبەندی
# ناوەڕاستی عێراق

## ٦.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- بەکارهێنانی تەکنیکە نوێکان بۆ زیادکردنی توانای ئاودێری لەڕێی چارەسەرکردنی ئاوە بە فیڕۆدراوەکان وئاوی ئاوەڕۆکان پێش ئەوەی بڕژێندرێنە ناو ڕووبارەکانەوە.
- تەرخانکردنی بودجەگەی تەواو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە کردارییەکان وپشتگیرییکردنی توێژینەوە زانستییە تۆکمەکان و بڕوانامەکانی داهێنان.
- ئەگەری نوێکردنەوەی ژێرخانی پەیوەندییدار بە ئاو وکشتوکاڵ وبەکارهێنانی تەکنیکەکانی چاودێری لەدوورەوە.
- پەیڕەوکردنی چەمکی پەنجەمۆری ئاوی وپەسەندکردنی لە دارشتنی ڕێکاری بەڕێوەبردنی ئاو وکشتوکاڵدا.
- هاندانی کۆمپانیاکان وپابەندکردنیان بە پەیڕەوکردنی تەکنۆلۆجیای نوێ لەبەکارهێنان وچارەسەرکردنی ئاو لە چالاکییە جۆربەجۆرەکانیاندا.
- بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەکنەلۆجیی بەتایبەتی لەبەکارهێنانی ئاو لەبوارەکانی کشتوکاڵ وپیشەسازی وناوماڵ.
- بەردەوامییدان وچاکسازیی لە بەنداوەکاندا بە شێوەیەکی ڕێکخراو وبەکارهێنانی ئامرازەکانی چاودێرییکردن لەدوورەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی بەنداوەکە.

# ناوچەبەندی باشوری عێراق

## ١ کەرتی ئاو وژینگە

### ١.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

کۆی ئەو هاتووە ئاوییانەی دەگەنە ئەو پەڕی باشوری عێراق کە پارێزگای بەسرە دەکات نزیکەی ٩٠ بۆ ٩٥م٣/چرکەیە، وبەرزبووەتەوە بۆ نزیکەی ١١٧ م٣ / چرکە. ئەمەش بەبرە بەشێکی ئاوی لەبار دادەنرێت بۆ کاتی قەیرانەکان ودوورخستنەوەی تیرۆژوەی خوێڵێن (اللسان الملحي) کە لە کەنداوی عەرەبییەوە دێت. هەروەها بۆ دابینکردنی بری پێویست بۆ وێستگەکانی دابەشکردنی ئاوی پاك بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ وپێدانی برە بەشی ئاوی کۆمپانیا نەوتییەکان بۆ بەشدارییکردن لە پەرەپێدانی کێڵگەکانی نەوت وزیاترکردنی بەرهەمهێنانی نەوتی. لەگەڵ دەستەبەرکردنی بڕە بەشی ئاوی بۆ کشتوکاڵ.

ڕەوشی ژینگەیی لەباشوری عێراق بەگشتیی نالەبارە وبەردەوامە لە تێکچوون لە ئەنجامی زۆربوونی دەرهاوێشتە گازییەکان بەتایبەتیی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەهۆی کارکردنی کۆمپانیا نەوتییەکانەوە. زێدەباری ئەوەش، ئەو زیادبوونە گەورەیەی لە سوێرێتیی ئاودا ڕوویداوە لەم دوو دەیەی دواییدا. لەپاڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما وزیادبوونی دیاردەی بەبیابانبوون وکەمیی ڕووپۆشی ڕووەکیی.

دابەزینی ئاستەکانی ئاوی ژێر زەویی دیاردەیەکی ئاشکرای ئەم دەساڵەی دواییە بەهۆی پرۆسەکانی لێدانی بیرەکانی ئاوەوە بەو پێیەی قووڵیی بۆ گەیشتن بە ئاو گۆڕاوە و لە ١٥مەترەوە ئێستا بووە بە سێ ئەوەندە ودەگاتە ٤٥ مەتر. ئەمە سەرباری خراپیی جۆری ئاو بەگشتیی وزیادبوونی سوێرێتییەکەی. هەر وەکو دەردەکەوێت هەڵکێشانێکی ئاشکرا هەیە بۆ عەمباراوەکانی ژێر زەویی لەبەر زیادبوونی ژمارەی بیرە لێدراوەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠١٩ کە لە ٢٠٠٠ وە گەیشتۆتە ٧٠٠٠.

هاوکات ڕەوشی کەش وهەوا لە باشوری عێراق وای لێهاتووە لە کەش وهەوای وشکەوە دەکشێت بەرەو کەش وهەوایەکی بیاباناویی بە جۆرێك شەپۆلەکانی گەرما بەڕێژەی ٤٠٪ زیادییان کردووە وشەپۆلەکانی تەپوتۆز بەڕێژەی٣٠٪ وبارانبارین بەڕێژەی ٤٠٪ بۆ٥٠ ٪ کەم بووەتەوە وچڕیی دانیشتووانیش بەرزبووەتەوە وبەدیارییکراویی لەشاری بەسرە بەشێوەیەکی بەرچاو لەئەنجامی کۆچ وجێهێشتنی گوندەکان بۆ ناوشار لەپارێزگاکانی باشورەوە لەبەر کۆمەڵێك هۆکار کە زۆربەیان پەیوەستن بەکەمیی ئاو وخراپبوونی باری ئابورییەوە.

# ناوچەبەندی
# باشوری عێراق

## ١.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- گۆڕانی کەش وهەوا بەیەکەمین ئەو ئاڵنگارییانە دادەنرێت کە ڕووبەڕووی باشوری عێراق دەبنەوە بەجۆرێك ڕێژەی بە بیابانبوون گەیشتۆتە ٢٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە لەساڵێکدا وشەپۆلەکانی وشکەساڵي زیادیان کردووە بەڕێژەی ٣٠% . ئەمە سەرباری بەرزبوونەوەی بەهێزی پلەکانی گەرما بە جیاوازیی ٤-٥ پلەی سەدي لە تێکڕای گشتي. هەروەك دیاردەی کۆچی ناوخۆیی گەیشتۆتە نێوان ١٠٠هەزار بۆ ١٥٠ هەزار کەس کەساڵانە لادێکان جێدەهێڵن بەرەو شارەکان بەهۆکاری کەمي ئاو وتێکچوونی ژینگە وگۆڕانی کەش وهەواوە.
- زیادبوونی بەرچاوی ڕێژەی پیسبوونی ژینگە بەهۆی چەند سەرچاوەیەکەوە لەوانە پاشەڕۆ پیشەسازییە شلەکان وتێکەڵبوونی ئاوی ئاوەڕۆ کە ڕاستەوخۆ دەڕژێنە لق وکاریزەکانی سەر بەشەتولعەرەب بێ چارەسەرکردن. هەروەها سوێراوی چاککردنی زەویی بۆ کشتوکاڵ وهەڵکشانی تیرۆژوەی خوێڵێنی شەتولعەرەب. لە ئەنجامی ئەوەش ڕێژەی چڕبوونەوەی خوێیە تواوەکان دە هێندەی ئەوەی جاران زیادی کردووە بەراورد بەساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو. سەرباری ئەوەش ئالوودەبوونی میکرۆبیی هەیە بە بەکتریا ومشەخۆرو ڤایرۆسەکان لەگەڵ ئالوودەبوونی ماددیی کە خۆی لە زیادبوونی لێڵ بوون وخڵتە و ماددەی نیشتووی ناو ئاودا دەبینێتەوە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ئاودا.

## ١.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- دەستەبەرکردنی بڕە بەشی ئاوی بەڕێژەیەك کەمتر نەبێت لە ١٢٠م٣ / چرکە لە پشت ڕێکخەری قەلعەساڵحەوە لەباشوری عێراق.
- چارەسەرکردن وکۆنترۆڵکردنی خۆڵ وخاشاك بەهەموو جۆرەکانی ڕەق وشلەوە وبەکارهێنانەوەیان.
- بەکارهێنانی ئامرازگەل وپەیڕەوکردنی شێوازگەلی پێشکەوتوو بۆ سیستمەکانی ئاودێریی وبەکارهێنانی تەکنیکە نوێکان وەك ئاودان بەدڵۆپ وئاودێریی داخراو وئاودێریی پرژاندن.
- دروستکردنی پڕۆژەگەلی ستراتیژیی ئاوەڕۆ بۆکەمکردنەوەی هۆکارەکانی پیسکردنی ئاوی شەتولعەرەب.
- بەکارهێنانی فلتەر بۆکەمکردنەوەی دەرهاوێشتە گازییەکان کە هۆکارە بۆ زیادبوونی دیاردەی گەرمبوونی بەرگی هەوای زەویی.
- دروستکردنی پشتێنەی سەوز بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی بەبیابانبوون.
- کەمکردنەوەی پشتبەستن بەسووتەمەنی لە خاك دەرهێنراو وهاندانی بەکارهێنانی سەرچاوەی وزەی نوێبووەوە وجێگرەوە.
- جێبەجێکردنی پرۆگرامێکی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی پێشوەخت بۆ ڕێگرتن لە قەیرانەکانی کەمي ئاو پیسبوون.
- زیادکردنی وێستگەکانی سازگارکردن کە ببێتە مایەی دەستەبەرکردنی گەیاندنی ئاوی پاکی خواردنەوە بۆ دانیشتووانی ناوخۆ.

# ٢ کەرتی ئاو وئابووریی

## ٢.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

تێکرای ئێستای بەرداٌنەوەی ئاو کە دەگاتە باشوری عێراق بەدیارییکراوی شەتولعەرەب لە ڕێی ڕێکخەری قەلعە سالٌحەوە دەگاتە ١٢٠ م٣ / چرکە. ئەم برە بەشە بەم جۆرە دابەشکراوە ٤٠ -٥٠٪ دەرژێتە دەریاوە. بۆ پێشگرتن لە تیرۆژوە خوێڵێنەکە و١٠٪ کەمترێ دەچێت بۆ کێڵگەکانی پەرەپێدانی بەرهەمی نەوتی بە پەمپکردنی بۆناو بیرە نەوتەکان (لەپاشکۆدا: خشتەیەك لە لایەنە فەرمییەکانی حکومەتەوە کە برە بەشە ئاوییەکانی کێڵگە نەوتییەکان لە پارێزگای بەسرە دەخاتەڕوو). ٢٠٪ ی برە بەشەکە لەلایەن کەرتی کشتوکاڵەوە بەکار دەهێنرێت وئەو٢٠٪ی دەمێنێتەوە دەچێت بۆ کەرتەکانی تر. بۆ ڕوونکردنەوەی قەبارەی زیانە ئابوورییەکان لە ئەنجامی کەمیی ئاوەوە، هەموو کێڵگە خۆڵیینەکانی بەخێوکردنی ماسیی لەساڵی ٢٠١٠ ەوە بەتەواوی وەستاون. هەرچی کەرتی خورماشە، لەناوچوونی نەمامە چێندراوەکانی خورمای تێدا ڕوودەدات. سەبارەت بە کەرتی بەرهەمهێنانی دانەوێڵەش بەدیارییکراویی گەنم لە دە ساڵی ڕابردوودا ڕووبەری چێنراو کەمی کردووە و لە ئەنجامی ئەوەشدا ژمارەی ئەوانەی لەکەرتی کشتوکاڵدا کاریان دەکرد دابەزیوە بۆ نزیکەی نیوەی دانیشتووان. هەروەها دواکەوتنێکی گەورە هەیە لە سیستمی ئاودێریی وشۆردنەوەی سوێریی زەویی کە پشت بەدیاردەی هەڵکشان وداکشان دەبەستێت.ئەمە سەرباری بەرزبوونەوەی بەرچاوی نیشتنی خوێ کە بووەتە هۆی ئەوەی ڕووبەرێکی فراوانی زەویی کشتوکاڵیی چیتر بەکەڵك نەیەت. لە ئەنجامدا بووەتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی وکۆچکردن لە کەرتی کشتوکاڵ وباخدارییەوە وگۆڕینی زەوییەکان بۆ شوێنی نیشتەجێبوون.

## ٢.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- ناجێگیریی وکەمیی بەردانەوە ئاوییەکان لە ڕێکخەری قەلعەسالٌحەوە وبڕینی زۆربەی سەرچاوەکانی ئاوپێدانی شەتولعەرەب ( فورات وکەرخە وکارون).
- فرەجۆریی سەرچاوەکانی پیسبوون لە ڕێڕەوی ڕووبارەکەدا لەوانە هۆکارە پیسکارە کشتوکاڵیی وپیشەسازییەکان وشۆڕبوونەوەی تیرۆژوەی خوێڵین لەشەتولعەرەبەوە.
- زیادبوونی گەشەی دانیشتووان بەشێوەیەکی گشتیی.
- تێکچوونی دۆخی کشتوکاڵیی بەهەردوو بەشەکەیەوە، ڕووەکیی وئاژەڵیی.
- زیانگەیشتن بەزۆنگاوەکان وەکو سەرچاوەیەکی ئابووریی لە ئەنجامی خراپبوونی کەرتی ئاو لە ڕووی بڕ و جۆرێتییەوە.
- فراوانبوونی کۆمپانیا نەوتییەکان وبەکارهێنانی زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییە بەرهەمهێنەکان ئەوەش کێشەکانی بەبیابانبوونی سەختتر کردووە وگوشاری لەسەر زەوییە شیاوەکان بۆ کشتوکاڵ زیاتر کردووە.

# ناوچەبەندی
# باشوری عێراق

- داراییەی لێیان وەردەگیرێت ونەبوونی یاساگەلی بەرپەرچدانەوەی سەرپێچییکاران.

زۆرێی ئەو نەخۆشییانەی پەیوەندییان هەیە بەخراپیی جۆری ئاوەوە (زیاتر لە ١٢٠ هەزار حاڵەتی نەخۆشیی تۆمارکراون لە ٢٠١٨ دا لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بەهۆی تێکچوونی جۆری ئاوەوە) ونەبوونی ئامارێك

- بەراوردی تێچوونی چارەسەری ئەو حاڵەتانە بکات بەرانبەر تێچوونی نوێکردنەوەی تۆڕی دابەشکردنی ئاو لەبەسرە.
- زۆرێی ژێرئاوکەوتووە دەریاییەکان لە هەردوو کەناری شەتولعەرەبدا.
- سستیی لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ڕامالّینی ڕووبارەکاندا.
- بوونی ئەو ئاڵنگارییانەی حکومەتە خۆجێییەکان دووچاریان دەبن لە بەڕێوەبردنی دۆسییەی ئاودا لەپاڵ لاوازیی هەماهەنگیی لە نێوان فەرمانگە پەیوەندییدارەکاندا کە دەبنە هۆی بە فیڕۆدانی هەوڵێکی زۆر وسەرچاوەیەکی زۆری حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان وپەککەوتنی پرۆژەکان.
- نەبوونی سیستمگەلی نوێی چاودێریی بۆ پشکنینەکانی جۆرێتیی وبڕی ئاو لە کۆی ڕێڕەوی ڕووبارەکاندا.
- کەمیی هوشیاریی خەڵکانی ئاسایی ونەبوونی بەرنامەی ڕاستەقینەی هۆشیارکردنەوەی بەکارهێنانی ژێرمەندانەی ئاو لەهەموو کەرتەکاندا.
- نەبوونی ئاماری نوێ بۆ گەشەکردنی دانیشتووان لە شارەکاندا.

# ناوچەبەندی
# باشوری عێراق

### ٢.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- دابینکردنی بڕە بەشی پێویست لە ئاو بۆ بوژاندنەوەی زۆنگاوەکان لە ڕووی ئابووری وژینگەییەوە و گفتوگۆ لەسەر زیادکردنی بەردانەوەی ئاو لەسەرچاوە دەرەکییەکانەوە بەتایبەتی ڕووباری کارون.
- زیادکردنی هۆشیاری دەربارەی بەرنامەکانی ڕێکخسی خێزان وسنووردارکردنی خستنەوەی وەچە بەپێی توانا.
- دانانی پلانێکی گشتگیر بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ وجێبەجێکردنی پرۆژەی پێشکەوتووی ئاودێری وشۆردنەوەی زەوی وبەکارهێنانی تەکنیکە نوێکان لە کشتوکاڵدا بۆ کەمکردنەوەی تێچوونی بەرهەمهێنانی بەرووبومەکان لە لایەك وکەمکردنەوەی ئاوی بەکارهاتوو لەلایەکی ترەوە.
- دەرکردنی یاسای پێکەوەبوونی کشتوکاڵي– نەوتي بۆ هێنانەدی بەردەوامییەکی ژینگەیی وبوژاندنەوەی ئابووری کشتوکاڵي.
- کارکردن بۆباشکردن وفراوانکردنی تۆڕەکانی دابەشکردنی وێستگەکانی ئاوی پاك لەگەڵ دانانی بەرنامەیەکی ئەلکترۆني بۆ کۆکردنەوەی داهات بۆ دەستەبەرکردنی بەرزبوونەوەی داهاتی دارایی ئاو بۆ دابینکردنی تێچووی دابەشکردنی.
- زیادکردنی چاودێری تەندروستي لەسەر سەرچاوەکانی دابەشکردنی ئاو وئەژمارکردنی ئەو توانایانەی لەکیس دەچن لە مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی نەخۆشي وژەهراوی بوون بەهۆی ئاوەوە.
- بایەخدان بە ڕاماڵینی ڕووبارەکان بە بەرنامە ودەرهێنانەوەی ژێرئاوکەوتووەکان وپاککردنەوەی کەنارەکان لە داروپەردوو وخۆڵ وخاشاك بەهاریکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەني وکەرتی تایبەت.
- هاریکاری وهەماهەنگي لەنێوان پارێزگاکانی باشوری عێراق وفەرمانگە پەیوەندییدارەکان بۆ باشترکردنی بەڕێوەبردنی دۆسییەی ئاو وکۆتاییهێنان بە بەفیڕۆدانی کات و توانا وسەرچاوەکان کە لە ئەنجامی نەبوونی هەماهەنگییەوە ڕوودەدات.
- کارکردن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی چاودێری ژینگەیی بەدانانی  وێستگە بەدرێژایی ڕێڕەوی ڕووبارەکان ودانانی وێستگەی چاودێری بۆ زانینی جۆر وبڕی ئاو.
- پێویستي تەواوکردنی ئەو لێکۆڵینەوانەی تایبەتن بە بیرۆکەی دامەزراندنی بەنداوێکی ڕێکخستنکار یان وازلێهێنانی کە نیازهەیە لەسەر شەتولعەرەب دروست بکرێت بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی ودڵنیابوون لە بەفیڕۆنەدانی دەرامەتەکان لەکارێکدا کە دەشێت کەڵکی نەبێت.

## ٣ کەرتی ئاو وڕۆشنبیری کۆمەڵایەتي

### ٣.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

دیاردەی کەمي ئاو کاردەکاتە سەر کەمبوونەوەی چالاکي کشتوکاڵي ودواتر گەیشتن بە بێ بازاڕی بازرگاني ودابەزینی بەرهەمی خۆماڵي وبارگراني بۆ پیشەسازیی کە دەبنەهۆی کێشە ولێکەوتەگەلی کۆمەڵایەتي وەکو کۆچکردن وجێهێشتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان.

# ناوچەبەندی
# باشوری عێراق

تێبینی ئەوەش دەکرێت پیسبوونی ئاو لە ئەنجامی فڕێدانی پاشەڕۆ وخۆڵ وخاشاك ودانانی ڕووبارەکان بەزبڵخانە لە ڕاستییدا تۆڵەکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی وجەماوەرییە بەرانبەر حکومەتەکان و ئەو سیاسەتانەی پەیرەو دەکرێن لەلایەنیانەوە لەگەڵ نەبونی یەکسانییدا. ئەمانەش وادەکەن هاووڵاتیی هەست بە وابەستەیی نەکات بۆ ئەو شوێن وژینگەیەی تیایدا دەژی. هەروەها ئالوودەبونی میکرۆبیی ئاویش هەیە کە ڕێژەکەی دەگاتە ٦٠%، بە جۆرێك ژمارەی ئەو حاڵەتانەی نەخۆشیی کە تۆمار کراون لە ١٣١هەزار کەمتر نییە لەپاڵ ئەو حاڵەتانەدا کە تۆمار نەکراون. ئەم پیسبوونە بووەتە هۆی نەخۆشییەکانی ژەهراویی بوون وبڵقکردنی پێست وحەساسییەت. نەمانی متمانە لە نێوان هاووڵاتیی وحکومەتەکاندا بووەتە هۆی نارەزایی وبەریەککەوتن وبەسووتاندنی دەزگاکانی حکومەت کۆتاییان هاتووە وتیایاندا چەندین هاووڵاتیی کوژراون. ناکۆکییە خێڵەکییەکان لەسەر سەرچاوەکانی ئاو زیادیان کردووە لەگەڵ کەمیی هوشیاریی وچەکی کۆنترۆڵنەکراو وزیادەڕۆیی کردنە سەر ڕووبارەکان. هەروەها فڕێدانی خۆڵ وخاشاك وپاشەڕۆ وئاوەڕۆ بۆ ناو ڕووبارەکان، ئەمانە ڕواڵەتی ئاشکران لە کۆمەڵدا وبووەتەهۆی ئاڵۆزبوونی دۆسییەی ئاو وتێکەڵاوییەکی بێ چارەسەر. لەپاڵ ئەوەشدا نەبوونی هۆشیاریی دامەزراوەیی لە نەخۆشخانە وزانکۆکان وکارگەکان وئەو کەشتییانەی ڕاستەوخۆ پاشەڕۆکانیان فڕێ دەدەنە ڕووبارەکانەوە هاوکات لەگەڵ نەبوونی جێبەجێکردنی یاسا. کۆی هەموو ئەم هۆکارانە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەستراون بەدۆسیەی ئاو وکۆمەڵگاوە، بەشێوەیەکی نەرێنیی لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییدا بەرجەستەبوون وپاشەکشەیەکی ئاکاریی دروست کردووە و بەوەش ڕێژەی تاوانەکان وبەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرو توندوتیژی خێزانیی ووازهێنان لەخوێندن بەرزبووەتەوە. هەروەك دیاردەی خۆکوشتن وسواڵکردن وکۆچکردنیش زۆر بوون.

## ٣.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- پەرەسەندنی ململانێکان لەسەر ئاو لەنێوان پارێزگاکان وناوچەکاندا هەروەها لە نێوان خێڵەکاندا بەڕێژەی 20% لەم دە ساڵەی دواییدا. نەبوونی جێبەجێکردنی یاساش بووەتە هۆی لەدەست دەرچوونی ئاسایش ورێخۆشکردن بۆ بەش بەشێنە وخزم خزمێنە کە بووەتە هۆی کۆچکردن. سەرهەڵدانی ئەو ململانێ وناکۆکییە ناوخۆیی وخێڵەکییانە بەهۆی کەمیی ئاوەوە لەم دواییانەدا هاندەرە بۆ شێواندنی سەقامگیریی کۆمەڵگا و تێکچوونی بونیادی کۆمەڵایەتیی.
- زۆربوونی نارەزاییە جەماوەرییەکان کە بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە سەریانهەڵدا بەدیارییکراویش ئەوەی پەیوەندیی بەدۆسییەی ئاوەوە هەیە بووەتە هۆی تێکچوونی باری ئاسایش ولەئەنجامدا چەندین هاووڵاتیی کوژراون وهەندێکی تر ڕاگوێزراون وهەرەشەیان لێکراوە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەی ژنانی بێ هاوژین و منداڵانی بێ باوك زیاد بکات وکێشەی گەورە بنێتەوە لەڕووی ئۆقرەیی دەروونی کۆمەڵگا ونەمانی ئازادیی ڕادەربڕین وپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.
- بوونی ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی حکومەتی خۆجێیی دەبنەوە لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان کاری کردۆتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵگەیی وبووەتەهۆی کەمیی هەماهەنگیی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی.

# ناوچەبەندی باشوری عێراق

## ٣.٣ راسپاردە پێشنیازکراوەکان

- پەرەپێدان وهاندانی هۆشیاریی کۆمەڵگەیی ودامەزراوەیی بەبەرزکردنەوەی ئاستی تێگەییشتنی هاووڵاتیی لە رێی بەرنامەکانی ئاراستەکردنی راستەوخۆ لە دەزگاکانی میدیا وپەروەردەوە یان کۆڕ وکۆبوونەوەی رۆشنبیری وبەکارهێنانی بڵاوکراوەی رۆشنبیری وسکرینە ئەلکترۆنییە گەورەکانی نماییشکردن وتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (بەتایبەتی لەڕێی هاوکارییکردن لەگەڵ کەسانی کاریگەر لەم بوارەدا).
- پەرەپێدانی هۆشیاریی کارمەندانی دامەزراوە حکومییەکان دەربارەی بەکارهێنانەکانی ئاو وگونجاوترین رێگا لەبەکارهێنانیدا لەشوێنی کارو لە ماڵاندا لە ڕێی بەرنامەیەکی هۆشیاریی تایبەت بەو دامەزراوانە بۆ پەرەپێدانی چەمکی ژیرمەندیی لە سەرچاوەکانی ئاودا.
- رێنماییکردن وهۆشیارکردنەوە لەڕێی بەرنامەی تایبەت بە وتاری ئایینی لە مزگەوتەکان وکڵێساکان وشوێنەکانی خواپەرستیی وسوود وەرگرتن لێیان بۆ فراوانکردنی بازنەی کارکردنە سەرکۆمەڵ وگەیشتن بەزۆرترین ژمارەی هاووڵاتییان وهۆشیارکردنەوەیان دەربارەی بەکارهێنانی ژیرمەندانەی ئاو.

دانانی پرۆگرامگەلی خوێندن وبابەتگەلی رۆشنبیرکردن هەر لە باخچەکانی مناڵانەوە تا بەرزترین ئاستی خوێندن، باڵا ودیاریکردنی رۆژێکی تایبەت بە ئاو لە عێراق هاوشێوەی رۆژی جیهانیی ئاوی لە ٢٢ی ئازاری هەموو ساڵێکدا.

- کاراکردنی هاریکاریی هاوبەش لە نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی ودامەزراوەکانی حکومەت وسوود وەرگرتن لەو رێکخراوانە ناوخۆیی بن یان نێودەوڵەتیی بۆ یارمەتییدانی حکومەتە خۆجێیەکان لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاودا. هەروەها نیشاندانی ترسناکیی ئەم دۆسییەیە وکاریگەرییە نەرێنییەکانی کەمیی ئاو لەسەر هەموو کەرتەکان. دەکرێت کاری خۆبەخش هانبدرێت وپێویستییەکانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی ناوخۆیی دابین بکرێت بۆ پاراستنی ژینگە وئاو وچاودێرییکردنی زیادەڕۆییەکان ودەستنیشانکردنیان وئاگادارکردنەوە لێیان.
- سوود وەرگرتن لەکاری درامیی وسینەمایی بۆ چارەسەرکردنی بابەتی کەمتەرخەمیی کۆمەڵگەیی بەرانبەر کەمیی ئاو وجێگیرکردنی چەمکی بەرپرسیارێتیی نیشتمانیی وئاکاریی لە پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو بۆ
- گۆڕینی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە بەرانبەر بەم دۆسییەیە. هەروەها بیرخستنەوەی یاساکان و ژیرمەندانە بەکارهێنانی ئاو لەڕێی کەسایەتییە سینەمایی وکۆمەڵایەتییە دیارەکانەوە کە کاریگەریی ئەرێنییان هەیە لەسەر کۆمەڵگا. هەروەها سوود وەرگرتن لە ئامێرە دەنگییەکان وبینراوەکان بۆ خستنە بەرچاوی مەترسییەکانی سەر ئەم دۆسییە ژیانسازییە. لە گرنگترین ئامانجەکانی هۆشیارکردنەوە زیادکردنی متمانەیە لەنێوان هاووڵاتییان و دامەزراوەکانی حکومەتدا.
- کاراکردنی یاسا دانراو وجێبەجێکارییەکان بەتایبەتییش هەموارکردنەوەی یاسای پاراستن وچاککردنی ژینگە ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٩ دەربارەی سزاکان بۆ ئەنجامدەرانی زیانەکان لەبەر ئەوەی پێویستە ئەو یاسایانە بەسترێنەوە بە هاندەرەکانەوە لەبەرانبەر سزاکاندا. ئەو شێوازەش دەبێتە هۆی هاندانی هاووڵاتیی بۆ هاریکاریی. دیارییکردنی غەرامە ورسوماتی ناوچەیی بۆ سەرپێچیی وزیادەڕۆیی بۆ سەر تۆڕەکانی ئاو ورووبارەکان ولە بەرانبەریشدا سیستەمی پاداشت هەبێت لەلایەن حکومەتە خۆجێیەکانەوە بۆ ئەو کەسانەی ژیرمەندانە ئاو بەکاردەهێنن یان پشتگیریی هەڵمەتەکانی پاراستنی ئاو ودروست بەکارهێنانی دەکەن.
- دامەزراندنی دامەزراوەگەلی ئەکادیمیی تایبەتمەند لە کاروباری ئاودا (پەیمانگای تەکنیکیی یان مەڵبەندی فێرکردن یان کۆلیژێکی تایبەت بەم بوارە) کاربکات لەسەر ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی زانستیی مەیدانیی وراوێژکارییە تەکنیکییەکان لە بواری ئاودا لەگەڵ ئەنجامدانی وۆرکشۆپ وکۆنگرەی تایبەت بەم لایەنە.

# ناوچەبەندی
# باشوری عێراق

## ٤ کەرتی ئاو وحکومڕانیی

### ٤.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

ئەو ڕێکارانەی گیراونەتە لە بەڕێوەبردنی ئاودا لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە گرفتاری کۆمەڵێك کێشە و کۆسپن. لەبەر ئەوەی تێکەڵبوون وبەریەککەوتن هەیە لە بڕیارەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی دۆسییەی ئاوەوە لە نێوان دەسەڵاتە ناوەندییەکان ودەسەڵاتە خۆجێییەکان ودامەزراوە پەیوەندیدارەکان بەو بابەتەوە  بەو ئەندازەیەی شڵەژانی دروست کردووە بۆ دیارییکردنی پێویستیی ڕاستەقینەی سەرچاوەکانی ئاو ودابەشکردنی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە. لاوازیی دیپلۆماتیی هەیە لە دۆسییەی ئاوی عێراقدا لەگەڵ وڵاتانی چاوگی دراوسێ ولاوازیی دانوستانکاری عێراقیی بەتایبەتیی. ئەوەش لە دابەزینی بڕە هاتووەکانی ئاودا لە سەرچاوەوە وبڕینی ئەو لقانەی دەڕژێنە سەر هەردوو حەوزی دیجلە وفوراتدا بەرجەستەبووە. هەروەها بێدەسەڵاتیی هەیە لە حوکمڕانیی ئاودا لەسەر ئاستی پارێزگاکان وسەرهەڵدانی ناکۆکیی ناوخۆیی لێ دروست دەبێت لە دابەشکردنی بڕە بەشە ئاوییەکانی پارێزگاکاندا ودیاریی نەکردن وهەڵنەسەنگاندنی پێویستیی هەر پارێزگایەك لە ئاوی تەرخانکراو بۆ کەرتە جیاوازەکان. ئەمە سەرباری بەکارنەهێنانی تەکنیکەکانی حوکمڕانیی لە بەڕێوەبردنی دۆسییەی ئاودا وبیرنەکردنەوە لە وردیی وواقیع بینیی لە داڕشتنی سیاسەتی ئاو لەسەر ئاستی نیشتمانیی وناوچەیی وناوخۆیی وناڕوونیی نەخشەی خاوەن بڕیارەکان، کە پەسەندکردنی هەر پڕۆژەیەکی بۆحوکمڕانیی ئاو قورس کردووە.

### ٤.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- بەشداریی نەکردنی لایەنە کاریگەرەکان وحکومەتە خۆجێییەکان لە دروستکردنی بڕیاری پەیوەندییدار بە دۆسییەی ئاو وبەشداریی پێنەکردنی ڕای جەماوەر وڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنێی لە هەڵسەنگاندنی دۆخی ئاو ودەستنیشانکردنی کێشە کتوپڕەکان وبڕیاردان وبەڕێوەبردنی قەیرانەکان.
- زاڵبوونی بڕیاری سیاسیی مەرکەزیی لە بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئاو وهەندێك جار بێ لەبەر چاوگرتنی پێویستییەکان وباری سەرنجە ناوخۆییەکان.
- کاریگەریی بڕیاری پەیوەندییدار بەبەڕێوەبردنی دۆسییەی ئاو لەسەر نائارامیی سیاسیی وگوێنەدان بەڕای تەکنیکیی لەدەرکردنی بڕیاری گونجاودا.
- لاوازیی هاریکاریی نێوان دەسەڵاتە ناوەندییە خۆجێییەکان لە دۆسییەی ئاودا. لەبەرئەوەی تێبینیی دەکرێت زۆر بڕیار دەدرێت کە پێویستیە ناوخۆییەکان ڕەچاو ناکەن لەگەڵ بوونی جۆرێك  لە هەژمووونی مەرکەزیی بەسەربڕیاری خۆجێیدا ئەگەرچیی دەشێت بڕیاری خۆجێیی هەندێك جار جێی متمانەی دەسەڵاتی ناوەندیی بێت.
- هاریکاریی نێوان وڵاتانی چاوگ وعێراق بایەخێکی زۆری هەیە بۆ زیادکردنی هاتووە ئاوییەکان لە عێراقدا. بەڵام هاریکاریی لەم بوارەدا بەتێپەڕبوونی کات ڕووی لە کەمیی کردووە  لەبەرانبەردا کەمیی ئاو زیاتربووە بۆ هەموو ناوچەکە بەگشتیی.
- پاشەکشێی تواناکانی دانوستان لەسەر داهاتەکانی ئاو لە نێوان وڵاتانی چاوگ وعێراق وئەوەش پێویستیی پەسەندکردنی ستراتیژێکی دەرەکیی کە کامڵتر بێت و لەسەر پێوەری تازە بێت دەخاتەڕوو لە پێناو بەهێزکردنی داواکردنی مافەکانی هاتووە ئاوییەکان بۆ عێراق.
- کاراکردنی یاسا وڕێساکان بۆ ڕێگرتن لە زیادەڕۆییەکان لەسەر زەمینی واقع ولابردنیان بەتەواوی وپەرەپێدانی سیستمێکی هاندان کە تەنیا وابەستەی سزادان نەبێت بەڵکو پاداشت کردنیش بگرێتەوە.

### ٤.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- پەیرەوکردنی چەمکی حوکمڕانیی ژمارەیی لە بەڕێوەبردنی دۆسییەی ئاودا لەسەر هەموو ئاستەکان، بەتایبەتیی لە دیارییکردنی بڕە بەشی ئاودا بۆ هەر کەرتێك وهەر ناوچەیەك بەدروستکردنی مۆدێلێکی ماتماتیکیی گۆڕاوە لەگەڵ کات وپێویستییەکاندا. چەسپاندن وپشت بەستن بەحوکمڕانیی وچەمکەکانی لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە نێوان ناوەند وپارێزگاکاندا.
- دارشتنی بڕیاری سیاسیی لەسەر بنەمای تەکنیکیی وئابووریی وکۆمەڵایەتیی بۆ خۆبەدوورگرتن لەو کێشانەی پێشبینیی دەکرێت لەداهاتوودا دروست ببن وکەمکردنەوەی ئەگەری ڕوودانی مەترسیی. هەروەها بەهێزکردنی ڕۆڵی دیپلۆماتیی لە دانوستاندا لەسەر دۆسییەی ئاو وبەشداریی پێکردنی کەسانی پیشەیی وپسپۆڕان لە لیژنەکانی دانوستاندا.
- ئەگەری پەیرەوکردنی بنەمای ئاڵوێر لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ دابینکردنی ئاو بەرانبەر کاڵای بازرگانیی کە ئاوێکی زۆریان پێویستە وئاڵوگۆڕی سوود وەرگرتن لە یەکتری لەسەر ئاستی ناوخۆ لە نێوان پارێزگاکانی عێراق لەهەمان چوارچێوەدا.
- کاراکردنی ئاڵوگۆڕی ئابووریی بەجۆرێك بەرژەوەندیی هاوبەش ڕەچاوبکات وپشتگیریی دۆسییەی ئاو بکات.

## ٥ کەرتی ئاو وبەڕێوەبردن

### ٥.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

گەیاندنی ئاوی خاو بەبڕی دیارییکراو بۆ پارێزگاکان ئەرکی وەزارەتی فیدراڵیی سەرچاوە ئاوییەکانە، لە کاتێکدا دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ تۆڕەکانی ناوخۆ ئەرکی فەرمانگەی ئاوی سەربە وەزارەتی ئەشغالە. بەگشتیی خاوەنی ستافی ناوخۆیین کە تێگەیشتنێکی تەواویان هەیە بۆ پێویستییە نیشتمانیی وخۆجێییەکان. هەروەها چاودێریکردن هەیە بۆ جۆرێتیی ئاو لەڕێی پشکنینەوە بۆئاوی خاو یان ئاوی خواردنەوە. زانکۆکان ومەڵبەندەکانی توێژینەوە بەلایەنی زانستیی یارمەتیدەری دەزگا جێبەجێکارو چاودێرییەکان دادەنرێن لەڕێی ئەو لێکۆڵینەوە وتوێژینەوانەوە کە دەیخەنە بەردەست. دامەزراوە پەیوەندیدارە ناوخۆییەکانی بەڕێوەبردنی ئاویش ڕۆژانە یان هەفتانە یان دوو هەفتە جارێك یان مانگانە گفتوگۆ لەسەر ئەو زانیاریی وڕاسپاردانە دەکەن ولە گفتوگۆدان لەگەڵ چەندین فەرمانگەی پەیوەندییدار. هەروەها وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان لەڕێی فەرمانگەکانییەوە لە پارێزگاکانی باشوری عێراق لێکۆڵینەوە دەکات بۆ بەردەوامییدانی ئاو ودانانی لە نێو جێبەجێکردنەکاندا.هەروەها ئەو ستراتیژەی ئێستا لەپارێزگای بەسرە پەیرەو دەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانی ئاو لەمەدا کورت دەکرێتەوە: گۆڕینی کەناڵی ئەلبەدعە بۆ کەناڵێکی لولەیی وجێبەجێکردنی چۆڕاوگەی سوێراو لەخۆرهەڵاتی دیجلە.

# ناوچەبەندی
# باشوری عێراق

## ٥.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- گۆڕانی کەشو وهەوا وئەوەی بەنەڕێني دەشکێتەوە لەسەر واقیعی ئاو لە پارێزگاکانی باشوری عێراق لە ڕووی کشتوکاڵي و پیشەسازیی وتەندروستيی و بوارەکانی تری بەکارهێنان.
- کەمي بەرنامەکانی حکومەت بۆپەرەپێدانی توانای کارمەندانی ناوخۆ کە پێویستیان بە نوێکردنەوەی زانیارییەکان وئاشنا بوونە بەتەکنیکە نوێکان کە ئێستا لەجیهاندا بەکار دێن.
- نەبوونی تەرخانکردنە پێویستەکان لە لایەن حکومەتەوە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە ستراتیژییەکان لە کەرتی ئاودا.
- لاوازیی هۆشیاریی گشتيي لای هاووڵاتییان دەربارەی بایەخی ئاو ودروست بەکارهێنانی لە بوارگەلی جیاوازدا.
- زیادەڕۆیی بۆ سەر تۆڕەکانی ئاو ورووبارەکان وتۆڕەکانی ئاوی باران و گۆڕینیان بۆ ئاوی پاشەڕۆ.
- دیاردەی کۆچ لە لادێوە بۆ شار کە دەبێتە هۆی گوشارێکی دیمۆگرافيي لەسەر شارەکان. ئەمەش دەبێتە
- هۆی دروستبوونی گوشار لەسەر تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوە کە خۆی هەر لەبنەڕەتدا سنووردارە.
- سیاسەتەکانی وڵاتانی دراوسێی چاوگ کە بەنەڕێني کاردەکەنە سەر واقیعی ئاوی لەعێراق بەگشتيي وپارێزگاکانی باشوری عێراق بەتایبەتيي.

## ٥.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- بەڕێوەبردنی دۆسییەی ئاو ئەرکی باڵاترین دەسەڵاتی دەوڵەت بێت لە پێناو کاری دیپلۆماتيي ودانوستان لەگەڵ وڵاتانی چاوگ بۆ مسۆگەرکردنی برە بەشی ئاوی عێراق وباشورەکەی بەتایبەتيي.
- کارکردنی شێلگیرانە بۆ دابینکردنی برە بەشی ئاوی پێویست بۆ هەر پارێزگایەك. بۆ نموونە (پارێزگای بەسرە بەلایەنی کەمەوە پێویستيي بە ١٢٠ م٣ / چرکە یە).
- کارکردن بۆ بەردانەوەی ئاوی پێویست بۆ پڕۆژەکانی ژێرخانی کەرتی ئاو.
- سەرنج چڕکردنەوە لەسەر هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتيي دەربارەی بایەخی ئاو لەڕێی داڕشتنی بەرنامەی تایبەتيي هۆشیاریی لە بواری ئاودا.
- کارکردن بۆ کاراکردنی ڕۆڵی وەزارەتی دەرەوە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی تایبەت بە عێراق لەگەڵ وڵاتانی چاوگ وکاراکردنی یاسادانان و یاساکانی تایبەت بەلایەنی کەرتی ئاو.
- کارکردن لەسەر پڕۆژەکانی گەڕاندنەوەی کشتوکاڵ وبوژاندنەوەی زۆنگاوەکان بۆ دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە کە کاریگەریی ئەرێني دەبێت لەسەر کۆمەڵگا.
- کارکردن بۆ ئامادەکردنی نەخشەیەکی بەکارهێنانی ئاویي دانیشتووان لە پارێزگاکەدا بەمەبەستی دیارییکردنی ڕیزبەنديي لەحاڵاتی کتوپڕ ونەخشەیەکی دابەشبوونی دانیشتووان بەپێی ناوچەکان بۆ بەکارهێنانی ئاو لە پارێزگاکەدا بۆ ئەوەی ڕێنیشاندەرێکی کاریگەر بێت بۆ دروستکردنی پڕۆژەکان.
- هێنانە کایەی بنکەیەکی داتای ناوەنديي کە تیایدا هەموو فەرمانگە پەیوەندییدارەکان بەشداربن ودانانی بەرنامەی پێشکەوتووی پێشبینییکردن بۆ بەکارهێنانی وەك ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت لەڕوودانی قەیران.
- ئەنجامدانی بەرنامەیەکی نیشتمانيي گشتگیر بۆ ڕاهێنانی توانا ناوخۆییەکان لە دامەزراوەکانی حکومەت بۆ بەڕێوەبردنی ئاو لەگەڵ دەستەبەرکردنی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامانەی ڕاهێنان لەسەر ئاستە جیاوازەکانی هونەرییەکان وتەکنیکاران وبەڕێوەبەران وبڕیاربەدەستان.

# ٦ کەرتی ئاو وتەکنەلۆجیا

## ٦.١ وەسفکردنی ڕەوشی ئێستا

عێراق بەگشتي گرفتاری نەبوونی شێوازە تەکنەلۆجییە نوێکانە لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانیدا جا ئاوی سەر زەویی بێت یان ژێر زەویی بەتایبەتي لە بواری کۆکردنەوەی ئاو وئاوپێدانی دەستکرد. لە ئەنجامی لاوازیی لایەنی تەکنەلۆجیش نزیکەی٢٠%ی ئاو لە حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسییدا بەفیرۆدەچێت بەهۆی بەهەڵم بوونی بەرز وشێوازی بەڕێوەبردنی ئەو حەوزانە بەبەراورد بە تەکنەلۆجیای حەوزی داخراوی سەرگیراو.هەروەها لاوازیی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا دەبێتە هۆی بەفیرۆدان لە ئاوی خواردنەوە وئاوەڕۆ وئاوە پیشەسازییەکان کە ڕاستەوخۆ فڕێ دەدرێنە ڕووبارەکان بەبێ چارەسەرکردن کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاو. لەگەڵ ئەوەش، بەفیرۆدانی گەورە لە ڕێگا کۆنباوەکانی بەکارهێناندایە لەکەرتی کشتوکاڵدا، بەجۆرێك ئەگەر تەختکردنی لەیزەریی بەکار بهێنرێت لە ئامادەکردنی زەوییدا نزیکەی ١٢ م٣/ چرکە ئاو دەمێنێتەوە بۆ ڕووبەری ٢٥ دۆنم بە بەراورد بە کردەی ئامادەکردنی زەویی بە ڕێگا دێرینەکان.

## ٦.٢ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

- بەفیرۆدانی گەورە لەسەرچاوەکانی ئاودا کە خۆیان لە بنەڕەتدا کەمن لە کەرتە سەرەکییەکاندا: کشتوکاڵ ودەرهێنانی نەوت وپیشەسازیی لەگەڵ کەمیی نزیك لە نەبوون لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ لە بواری کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاودا.
- کەمیی بودجەی تەرخانکراو بۆ توێژینەوەی زانستیی لە بواری پەرەپێدانی تەکنەلۆجیای چارەسەرکردنی ئاو وشێوازەکانی ئاودێریی نوێ وبەکارهێنانی لە مالان چونکە لایەنە بەرپرسەکان دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی زانستیی لەبەرچاو ناگرن.
- گۆڕینی شێوازی پرۆسەکانی ئاودێریی سروشتیی وپشت بەستن بەدیاردەی هەڵکشان وداکشانی سروشتیی ئاو لە ئەنجامی پیسبوونی ئاوی شەتولعەرەب وسوێربوونی، لە کاتێکدا پشتگیریی حکومەت بوونی نییە لە هیچ بوارێکدا تەکنەلۆجیای نوێی تێدا بەکاربێت بەتایبەتیی لە کەرتی کشتوکاڵ.
- لاوازیی توانای تۆڕەکانی ئاوەڕۆ ووێستگەکانی چارەسەرکردن کە دەبێتە هۆی بەفیرۆدانێکی گەورە لەم سەرچاوەیەی ئاودا کە دەکرێت دەرفەتێکی باش ببەخشێت ئەگەر بەکاربهێنرێتەوە.
- لاوازیی ڕێنمایی کشتوکاڵیی بۆ قایلکردنی جوتیاران وپەرەپێدانی شارەزاییەکانیان وگۆڕینی بۆچوونیان دەربارەی بەکارهێنانی شێوازی نوێ وەکو بەکارنەهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ لەبواری بەخێوکردنی ماسییدا.
- لاوازیی لایەنی چاودێرییکردنی ئەلکترۆنیی نوێ وسنووردارییی تاقیگە وئامێری پشکنینی تایبەت بە دیارییکردنی جۆری ئاو.
- نەبوونی بیرکردنەوەی ڕاستەقینە بۆ بەهەند وەرگرتنی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە (تیشکی خۆر وبا وهەڵکشان وداکشانی ئاو).
- ڕەچاونەکردنی پلانێکی ڕون بۆ هاندانی چاندنی ئەو بەروبوومانەی بەرگەی ڕێژەی بەرزی چڕیی خوێ دەگرن وەکو دارخورما.

# ناوچەبەندی
# باشوری عێراق

## ٦.٣ ڕاسپاردە پێشنیازکراوەکان

- پێداگرێی لەسەربەکارهێنان وچەسپاندن وسەپاندنی شێوازی نویٚ، بەدیارییکراوی لە بواری کشتوکاڵدا کە بەکارهێنەری سەرەکیي ئاوە بە گرتنەبەری شێوازە نوێیەکانی ئاودان یان بەبارێکی تردا بە ژیرانەکردنی بەکارهێنانی ئاو بە بەکارهێنانی سیستمی کارپێکردنی ئەلکترۆنيي بەلوعەکانی ئاو لە ماڵان وئوتێلەکان و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.
- تەرخانکردنی بودجەیەکی گونجاو بۆ پشتگیرییکردنی توێژینەوەی زانستيي لە بواری تەکنەلۆجیای ئاو وڕێگاکانی بەڕێوەبردنی وچارەسەرکردنی وکەمکردنەوەی بەکارهێنانی. هەروەها لەسەر لایەنە بەرپرسەکانە ئەو بیرۆکە زانستییە نوێیانە ڕەچاو بکەن کە لە ئەنجامی توێژینەوەی زانستییەوە لە زانکۆکان ومەڵبەندە کانی توێژینەوە دەردەکەون و تایبەتن بەدۆسییەی ئاو. لە پاڵ چڕکردنەوەی هەوڵەکانی توێژینەوە بۆ ڕەچاوکردنی پرۆژەکانی وزەی جێگرەوەی نوێبووەوە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو لەم بوارەدا وبەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە سازگارکردنی ئاوی دەریادا.
- پەیڕەوکردنی سیستمی دادپەروەرانەی کۆکردنەوەی ئەلکترۆنيي داهات بۆ کۆکردنەوەی داهاتەکانی ئاو ودابینکردنی تێچووی کارپێکردن و ئاودابەشکردن وچارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆ.
- سەرنج خستنە سەر پرۆژەکانی ژێرخان لەبواری وێستگە وتۆڕەکانی ئاوەڕۆدا. هەروەها باشترکردنی تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاو وپشت بەستن بەئامێر وتەکنەلۆجیای نویٚ بۆ ئاشکراکردن وچاککردنەوەی ئەو شکاوییانەی لەتۆڕەکانی ژێر زەوییدا ڕوودەدەن بە وردیي وخێرا جێبەجێکردن وکەمکردنەوەی بەکارهێنانی دەرماتەکان.
- پێویستيي گرتنەبەری شێوازە نوێیەکانی هۆشیارکردنەوە بەپشت بەستن بەتەکنەلۆجیا بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا وخاوەن بەرژەوەندییەکان دەربارەی ژیرمەندانە بەکارهێنانی ئاو وتەکنەلۆجیای زانستيي نویٚ بخرێتە بەردەستی کارمەندانی ڕێنمایي کشتوکاڵيي وبەرزکردنەوەی شارەزاییان بۆ هاندانی جوتیاران وسووربونیان لەسەر بەکارهێنانی شێوازی نوێي ئاودێریي.
- دامەزراندنی سیستمی پێشکەوتووی بێ ناتەواويي چاودێرییکردنی سەرچاوە ئاوییەکانی سەرزەويي وژێرزەويي.
- پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی پێشبینییکردنی واقیعی ئاو بۆ دانانی پلانی ستراتیژيي درێژخایەن بۆ بەڕێوەبردنی دۆسییەی ئاو.

# پاشکۆکان:

## نەخشەیەکی ئامادەکراوی خاوەن بەرژەوەندیەکانی سەرتاسەری عێراق وهەرێمی کوردستان.



